| ٢٨ | ٥ی مای ١٩٦٨ | شەهید بوونی تێکۆشەرو چالاکوانی سیاسی سمائل موعینی بە دەست ڕیژیمی پەهلەوی ئێران. |
| ٢٩ | ٥ی مای ١٩٦٨ | تیرۆری توفیق ڕوشدی چالاکوانی سیاسی چەپ دوکتورای بواری(سپینۆزا)و یاریدەدەری سەرۆکی زانکوی سلێمانی لەلایەن ڕیژیمی بەعسی عێراق. |
| ٣٠ | ٦ی مای ١٩٣٢ | کۆچی دوایی حوسێن نازم نووسەرو ڕۆژنامە نووس لە شاری سلێمانی . |
| ٣١ | ٦ی مای ١٩٦٧ | چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی برایەتی. |
| ٣٢ | ٦ی مای ١٩٨٩ | فرانسۆ میتەران بەهۆی شیمیا باران کردنی شاری هەڵەبجە دەسەڵاتدارنی عێراقی سەرکۆنە کرد |
| ٣٣ | ٦ی مای ٢٠١٠ | ڕفاندن و تیرۆر کردنی سەردەشت عوسمان ڕۆژنامە نووس لە باشووری کوردستان. |
| ٣٤ | ٧ی مای ١٩٦٥ | کۆچی دوایی مامۆستا قانع شاعیری نیشتمانپەروەرو هەڵکەوتووی کورد.لە ناوچەی شلێر |
| ٣٥ | ٧ی مای ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی جەعفەر زەمانی چالاکوانی سیاسی و ئەندامی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری ڕانیە. |
| ٣٦ | ٧ی مای ١٩٢٥ | شێخ سەعیدی پیران لە باکووری کوردستان شۆرشی بەرپا کرد. |
| ٣٧ | ٧ی مای ١٩٨٧ | کۆچی دوایی مەحەمەد مەولود مەم چیرۆک نووسی بە توانای کورد. |
| ٣٨ | ٧ی مای ١٩٨٨ | ئەنفال کردنی بەناو چوارەمی ڕژێیمی بەعس لە هەولێرو کۆیەو کەرکوک. |
| ٣٩ | ٨ی مای ١٩٩٥ | کۆچی دوایی تەحسین تەها هونەرمەندی گۆرانیبێژ و دامەزرێنەری تیپی هونەری هەولێر لە هولەند. لە شاری ئامێدی بەخاک سپێردرا. |
| ٤٠ | ٨ی مای ٢٠١٠ | دامەزرانی ئەنجومەنی ئەدەبی هەژار لە شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٤١ | ٨ی مای ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی سەلاح داوده هونەرمەندی گۆرانیبێژی ناوداری کەرکوکی، لە کۆنسێرتێکی گۆرانی لە جیژنی نەورۆزی لە شاری کەرکوک. |
| ٤٢ | ٨ی مای ١٩٩٣ | بەڕێوەچوونی یەکەمین کۆنگرەی نیشتمانی ئافرەتانی باکووری کوردستان. |
| ٤٣ | ٨ی مای ٢٠٠٣ | پێکهاتنی دادگایەکی تایبەت لە شاری بەغدا بۆ تاوانانی ڕژێمی بەعس. |
| ٤٤ | ٩ی مای ٢٠١٠ | لەسێدارەدانی ٥ تێکۆشەری سیاسی مەدەنی کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٤٥ | ٩ی مای ١٨٣٨ | ڕوودانی شەری نێوان کورد و تورک لە دەرەوەی قەڵای سەید بەگ سوتاندنی قەڵاکە لەلایەن تورکەکان. |
| ٤٦ | ٩ی مای ١٩٩١ | کۆچی دوایی ڕەحیمی قازی نووسەرو تێکۆشەر وچالاکوانی سیاسی کورد لە باکۆ پێتەختی ئازەربایجان. |
| ٤٧ | ٩ی مای ١٩٩٦ | کشانەوەی هێزەکانی سوپای تورکیە لە خاکی هەرێمی کوردستان،کە بۆ ڕاونانی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان هاتبوون. |
| ٤٨ | ٩ی مای ٢٠٠٣ | پێنجەمین دانشتی کۆری زانستی زمانی کوردی لەلایەن ئەنیستیتیۆی کوردستان. |
| ٤٩ | ٩ی مای ٢٠٠٥ | دۆزینەوەی گۆرێکی بەکۆمەڵ لەبەردەم بارەگای بزووتنەوەی کۆن لە شاری هەولێر . |
| ٥٠ | ١٠ی مای ١٩٤٦ | بڵاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی هاواری کوردستان لە شاری مەهاباد. |
| ٥١ | ١٠ی مای ١٩٧١ | دەرچوونی گۆڤاری (دەنگی جووتیاران) لە شاری بەغدا. |
| ٥٢ | ١٠ی مای ٢٠٠٥ | دامەزراندنی لێژنەیکی ٥٥ کەسی کە (١٥)ەیان کورد بوون بۆ دانانی دەستووری هەمیشەی عێراق لە شاری بەغدا |
| ٥٣ | ١١ی مای ١٩٢٦ | بڵاو کردنەوەی ژمارە (١٦)دوا ژمارەی هەفتەنامەی دیاری کوردستان . |
| ٥٤ | ١١ی مای ١٩٥٤ | مۆرکردنی بروانامەی بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو لە عێراق دا،لەلایەن (پارتی دیموکراتی کوردستان ، حیزبی شوعی عێراق و پارتی ئیستیقلال) . |
| ٥٥ | ١١ی مای ٢٠٠٣ | پەرلەمانی کوردستان بریاری دا هێزەکانی تورکیە کە ناسرابوون بە (PMF) لە کوردستان بچنە دەرەوە. |
| ٥٦ | ١٢ی مای ١٩٧٤ | لەسیدارە دانی چالاکوانی سیاسی و ڕوشنبیری کورد لەیلا قاسم و هاوڕێیانی بەدەست ڕیژیمی بەعسی عێراق. |
| ٥٧ | ١٢ی مای ١٩٨٤ | شەهید بوونی عەبدوڵلا بەهرامی شۆرشگێر سیاسی ڕوژهەڵاتی کوردستان بەدەست هیزە سەرکوت کەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئیران.لەناوچەی پاوە. |
| ٥٨ | ١٢ی مای ١٩٤٦ | بڵاوبوونەوەی گۆڤاری هاواری کوردستان. |
| ٥٩ | ١٢ی مای ١٩٧٩ | کۆچی دوایی حەیدەر عەبدولڕەحمان - حەیدەرە کەچەڵ هونەرمەندی کۆرانیبێژی مەقام و گۆرانی دیوەخانی ئەو سەردەمەی شاری هەولێر. |
| ٦٠ | ١٢ی مای ١٩٧٢ | کۆچی دوایی شێخ لەتیف شێخ مەحمودی حەفیدە. دامەزرێنەری ڕێکخراوی کۆمەڵەی برایەتی لە شاری سلێمانی لە تەنیشت شێخ مەحمودی باوکی نێژراوە. |
| ٦١ | ١٣ی مای ٢٠١٠ | بەڕێوەچوونی مانگرتنی گشتیی کۆمەلانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ مەحکووم کردنی ئیعدامی ٥ بەندکراوی سیاسی مەدەنی کورد. |
| ٦٢ | ١٥ی مای ١٩٤٦ | ڕوودانی شەری گەورەی مل قەرەنی لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئیرتەشی شاهەنشای ئێران . |
| ٦٣ | ١٥ی مای ١٩٥٤ | بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەتاو لەلایەن گیوی موکریانی لەشاری هەولێر. |
| ٦٤ | ١٥ی مای ١٩٦٢ | دامەزراندنی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان . |
| ٦٥ | ١٥ی مای ٢٠٠٣ | دامەزرانی ڕێکخراوی ژنان ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵگای مەددنی سەربەخۆ لە باشووری کوردستان. |
| ٦٦ | ١٥ی مای ١٩٣٢ | چاپ و بڵاو کردنەوەی ڕۆژنامەی هاوار بە سەرپەرستی جەلادەت عەلی بەدرخان هەتا ١٥ی ئووتی ١٩٤٣سەرجەم ٥٧ ژمارەی لێ دەرچوواند. لە وڵاتی شام. |

رۆژژمێری مێژووی کوردستان

رەحمان نەقشی

| | | |
|---|---|---|
| ٦٧ | ٧ی مای ١٩٩٠ | ڕاگەیاندراوی تەقە وەستانی یەک لایەنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ کۆمەڵە بۆ برانەوەی شەڕی نێوخۆیی لەرۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٦٨ | ١٨ی مای ١٨٨٣ | کۆچی دوایی کەیفی جوانرۆیی شاعیری بە توانا و لێهاتووی کورد. |
| ٦٩ | ١٨ی مای ١٩٧٧ | حکوومەتی دیکتاتوری سووریە بڕیاریدا ناوی شاروشارۆچکە کوردی یەکان لەکوردییەوە بۆ عەرەبی بگۆڕێت |
| ٧٠ | ١٨ی مای ١٩٩٤ | بۆردومان کردنی ناوچەی زەلێ لەلایەن (١٩) فرۆکەی هێزی ئاسمانی تورکیە. |
| ٧١ | ١٨ی مای ١٩٨١ | کۆچی دوایی مشکۆ هەولێری(شەوکەت سەعید) هونەرمەندی قۆریات و بەستەی رەسەن و مەقامی کوردی لە شاری هەولێر. |
| ٧٢ | ١٨ی مای ٢٠٠٠ | کۆچی دوایی حەیدەر مەتینی شاعیری بە توانا و لێهاتووی شیعری نیشمانپەروەی، نەتەوەیی و سروشتی کورد. |
| ٧٣ | ١٩ی مای ١٩٩٢ | یەکەم هەڵبژاردنی گشتی بۆ هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان لە باشووری کوردستان. |
| ٧٤ | ٧ی مای ١٩٨٠ | بۆمباران کردنی بەندیخانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی دۆڵەتووی ناوچەی سەردەشت لە لایەن ڕژێمی بەعسی سەددام حوسێن. |
| ٧٥ | ١٩ی مای ١٦٣٩ | دابەشکردنی کوردستان بۆ یەکەمین جار لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی. |
| ٧٦ | ٢٠ی مای ١٩٩٧ | هەڵگیرسانی شەری براکوژی لەنێوان پارتی دێموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان. |
| ٧٧ | ٢١ی مای ١٩٩٢ | تیرۆری شاپوور فیرۆزی چالاکی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری رانیە. |
| ٧٩ | ٢١ی مای ١٩٣٣ | ماڵئاوایی مەلا هەوایی شاعیرو نووسەری هەڵکەوتووی کورد. |
| ٨٠ | ٢١ی مای ١٨٨٩ | ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی لەدژی دەوڵەتی عوسمانی . |
| ٨١ | ٢١ی مای ٢٠٠٨ | دامەزرانی ریبوارانی کۆماری کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٨٢ | ٢١ی مای ٢٠٠٤ | ماڵئاوایی سەعیدی هومایوون تێکۆشەر سیاسی،ئاجودان،و ئەندامی دەفتەری پێشەواقازی محەممەد لە کۆماری کوردستان. |
| ٨٣ | ٢٢ی مای ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی قادر عەبدوڵلازادە(قالەمەڕە) هونەرمەندی شمشاڵژەنی ناوداری کورد لە شاری بۆکان. |
| ٨٤ | ٢٢ی مای ٢٠٠٥ | ساڵرۆژی دامەزرانی پارتی ئازادی کوردی سووریە. |
| ٨٥ | ٢٢ی مای ١٩١٩ | ڕاگەیاندراوی ژمارە ١ لەلایەن حکوومەتی شێخ مەحمود دەربارەی شەڕی بازیان . |
| ٨٦ | ٢٢ی مای ١٩٩٢ | ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بە (٥٠%) بۆ هەریەکە لە یەکێتی و پارتی . |
| ٨٧ | ٢٢ی مای ٢٠٠٠ | بڕیاری وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەکارهێنانی زمانی کوردی لە دادگا،فەرمانگەکان و وەزارەتەکەکان. |
| ٨٨ | ٢٣ی مای ١٩١٩ | مەحمود خانی دزڵی بۆ رزگارکردنی شاری سلیمانی بە (٣٠٠) چەکدارەوە لەناوچەکانی هەورامانەوە گەیشتە شاخی کوێژە. |
| ٨٩ | ٢٣ی مای ١٩٩٢ | کۆچی دوایی هۆزانوان مەحەمەد کەریم قادر ناسراو بە(نەسرەوی)لەشاری کەرکوک . |
| ٩٠ | ٢٣ی مای ١٩٨٩ | ماڵئاوایی لوتفی شاعیر (شێخ لەتیف شێخ رەزا بەرزنجییە) شاعیری کلاسیک، نوسەر و وەرگێری بە توانای کورد |
| ٩١ | ٢٣ی مای ١٩٦٠ | کۆچی دوایی سەعید بەدیمولزەمان نوسەر،زانا و تێکۆشەری نیشتمانپەروەری کورد لە شاری ئوورفە لە باکووری کوردستان. |
| ٩٢ | ٢٤ی مای ٢٠٠٦ | دەست بە کار کردنی کاناڵی ئاسمانی تیشک تی ڤی سەر بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. |
| ٩٣ | ٢٤ی مای ١٩٨٩ | کۆچی دوایی ئەحمەد شوکری ناسراو بە د.شۆ شاعیری بە توانای کورد. |
| ٩٤ | ٢٤ی مای ٢٠٠٣ | بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەوانی بۆ یەکەم جار لەشاری کەرکوک. |
| ٩٥ | ٢٥ی مای ٢٠٠٥ | ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتی دێموکراتی کوردستان (رۆژهەڵاتی کوردستان.) |
| ٩٨ | ٢٦ی مای ١٩١٩ | ئازاد کردنی شاری هەڵەبجە لەلایەن شۆرشگێرەکانی شێخ مەحمود. |
| ٩٩ | ٢٦ی مای ١٩٩٣ | تیرۆری رەئوف کامیل ئاکرەیی رۆشنبیر ، چالاکوانی سیاسی و رۆژنامەنوسی بەتوانای بادینان لەشاری دهۆک |
| ١٠٠ | ٢٧ی مای ١٩٢٥ | لەسێدارەدانی فوئاد شێخ عەبدولقادر شەمزینی و (٨٩) کەس لەشۆرشگێران لەلایەن رژێمی تورکیە. |
| ١٠١ | ٢٩ی مای ٢٠٠٨ | کردنەوەی کۆنگرەی یەکەمی یەکێەتی پارلەمانتارانی کوردستان لە شاری هەولێر. |
| ١٠٢ | ٢٩ی مای ٢٠١٠ | کۆچی دوایی تێکۆشەر و چالاکی سیاسی دیرینی رۆژهەلاتی کوردستان حەمەدمین سیراجی لە ستۆکۆڵمی سوئید. |
| ١٠٣ | ٣٠ی مای ١٩٣١ | دەستگیرکردنی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەر مەحموود خانی دزلی، و رەوانەی شاری بەغدا کرا. |
| ١٠٤ | ٣٠ی مای ٢٠١٠ | کۆچی دوایی دوکتور ڤیرا بیۆدین سەعیدپوور چالاکوانی بواری فەرهەنگی کوردی جوولەکە، دامەزرینەری مۆزەخانەی کوردیی و کتێبخانەی کوردیی کە یەکەمین کتێبخانەی کوردی بوو لە رۆژاوادا لە باکووری هەرێمی نیوویۆرک، |
| ١٠٥ | ٣١ی مای ٢٠٠٤ | کۆچی دوایی دارۆی شێخ نووری چالاک و بەندکراوی سیاسی کورد و ئەندامی دەستەی سکرتاریای یەکیەتی قوتابیانی کوردستان. |
| ١٠٦ | ٣١ی مای ٢٠٠٥ | تیرۆری دوکتور محەممەد مەعشوق خەزنەوی کەسایەتی نیشتمانپەروەری ئەندامی(یەکێەتی رۆشنبیرانی کورد، ولێژنەی مافی مرۆڤ کورد)،شاری قامیشلۆ. |
| ١٠٧ | ٣١ی مای ٢٠٠٩ | ماڵئاوایی حسێن میسری دەرهێنەری لێهاتوو و بەتوانای بواری شانۆ و دراما و زنجیرە تەلەفزیۆنییەکانی کوردی لەشاری سلێمانی. |
| ١٠٨ | ٣١ی مای ١٩٤٦ | دەستنیشان کرانی مەلا مستەفا بارزانی وەکو ژەنرال لەسوپای کۆماری کوردستان لەلایەن پێشەواقازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان |
| ١٠٩ | ٣١ی مای ١٩٩٦ | دیاریی رێکخراوی مافی مرۆڤی ئامریکا بە نووسەری کورد یەشار کەمال بۆ نووسینی کتێبی (سەربەستی بیرورا). |

## ژووئەن - June

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ١ی ژووئەنی ١٩٥٢ | ڕۆژی نیونەتەوەیی منداڵان. |
| ٢ | ١ی ژووئەنی ١٩٦٥ | ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان. |
| ٣ | ١ی ژووئەنی ١٩٩٢ | کۆچی دوایی خاتوو ڕەوشەن بەدرخان نووسەر و وەرگێری کورد. |
| ٤ | ١ی ژووئەنی ١٩١٩ | چوونی کۆمەڵێک لەڕێبەرانی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان کە پێکهاتبوون لە شێخ عبدالقادری شەمزینی و ئەمین عالی بەدرخان و موراد بەدرخان بۆ دانیشتن لەگەڵ گەورە کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی دەربارەی مافەکانی گەلی کورد. لە شاری ئەستەمبۆڵ. |
| ٥ | ١ی ژووئەنی ١٩٤٧ | بڵاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی ڕۆژی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان لەشاری مەهاباد. |
| ٦ | ١ی ژووئەنی ١٩٥٨ | کردنەوەی بەشی کوردی رادیۆی قاهیرە. |
| ٧ | ١ی ژووئەنی ١٩٧٠ | چاپ و بڵاو کردنەوەی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری برایەتی. |
| ٨ | ١ی ژووئەنی ١٩٧١ | یەکەمین ژمارەی گۆڤاری ڕۆژی کوردستان لەشاری بەغدا لەلایەن ساڵح یوسفی بڵاوکرایەوە. |
| ٩ | ٢ی ژووئەنی ١٩٩٧ | چاپ و بڵاوکراوەی ژمارە سفری ئایندە. |
| ١٠ | ٢ی ژووئەنی ١٩٩٧ | کۆچی دوایی کەماڵ سابیر هونەرمەندی نیشتمانپەروەر و لێهاتووی کومیدی کورد لە شاری سلیمانی. |
| ١١ | ٢ی ژووئەنی١٩٨٠ | گوڵەباران کردنی ٥٩ لاوی کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری مەهاباد. |
| ١٢ | ٣ی ژووئەنی ١٩٤٠ | بڵاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی خورمال لە لایەن مامۆستا شاکر فەتاح. |
| ١٣ | ٤ی ژووئەنی ١٨٨١ | زیندانی کرد شێخ عوبەیدوڵای نەهری لە لایەن کاربەدەستانی عوسمانی لە شاری ئەستەمبۆڵ. |
| ١٤ | ٤ی ژووئەنی ١٩٩٢ | بەڕێوە چوونی یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان. |
| ١٥ | ٥ی ژوئەنی ٢٠٠٨ | کۆچی دوایی مەلاخدر دۆڵەگەرمی(خدرعومەرزادە)تێکۆشەری دیرینی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی نۆرۆێژ. |
| ١٦ | ٥ی ژووئەنی ١٩٦٣ | کۆچی دوایی مامۆستای نووسەر عبداللە عەزیز هەولێری. |
| ١٧ | ٥ی ژووئەنی ١٩٧٢ | دەرچوونی گۆڤاری ئەستێرە پاشکۆی گۆڤاری (کوردستان) لەلایەن ساڵح یوسفی. |
| ١٨ | ٥ی ژووئەنی ١٩٧٨ | کۆچی دوایی عەزیز یوسفی تێکۆشەری سیاسی ١٩ ساڵ بەندی سیاسی لەبەدیخانەی ڕیژیمی پاشایەتی ئێران، لە شاری مەهاباد. |
| ١٩ | ٥ی ژووئەنی ١٩٨٤ | بۆمبارانی شاری بانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی دیکتاتوری بەعسی سەددام حوسێن عێراق. |
| ٢٠ | ٦ی ژووئەنی ١٩١١ | بڵاوبوونەوەی گۆڤاری ڕۆژی کورد. |
| ٢١ | ٦ی ژووئەنی ١٩١٣ | دەرچوونی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری هەتاوی کورد. |
| ٢٢ | ٦ی ژووئەنی ١٩٨٩ | دەستگیر و زیندانی کردنی مامۆستا ناسری سوبحانی لەشاری سنە. |
| ٢٣ | ٦ی ژووئەنی ١٩٨٩ | گواسترانەوە خەڵکی ناوچەی (پشدەر) بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێکانی شارەکانی هەولێرو سلێمانی لە لایەن ڕێژیمی بەعسی عێراق. |
| ٢٤ | ٦ی ژووئەنی ١٩٩٧ | کەوتنە خوارەوە دوو فرۆکەی هێزەکانی ئاسمانی تورکیە لە لایەن پێشمەرگەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان(پ.ک.ک). |
| ٢٥ | ٧ی ژووئەنی ١٩٢٣ | نامەی دووهەمی شێخ مەحمودی حەفید بو لینین سەرۆکی سۆڤیەت بەمەبەستی پشتگیری کردنی لە خەباتی گەلی کورد. |
| ٢٦ | ٧ی ژووئەنی ١٨٢٧ | کۆچی دوایی مەولانا خالیدی نەقشبەندی زانای ئاینیی و نوسەری کتیب و شێعری ئاینیی. |
| ٢٧ | ٨ی ژووئەنی ١٩٨٢ | ماڵئاوایی محەممەدەمین کاردۆخی شاعیری بەناوبانگی کورد. |
| ٢٨ | ٨ی ژووئەنی ١٩٩٩ | دادگای باڵای تورکیە لە دوورگەی ئیمرالی حوکمی لەسێدارەدانی بەسەر عەبدوڵا ئۆجەلان سەپاند. |
| ٢٩ | ٩ی ژووئەنی ١٩٤٧ | ڕوودانی شەر لە چیای سۆسزۆ لە دەشتی ماکۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێوان پێشمەرگەکانی کوردستان و هێزەکانی نیزامی ئێران. |
| ٣٠ | ٩ی ژووئەنی ١٩٦٣ | شەهید کردنی(٨٣) کورد بەفرمانی زەعیم سدیق فەرماندەی ڕژێمی بەعس لە شاری سلێمانی. |
| ٣١ | ٩ی ژووئەنی ٢٠٠٤ | ئازاد کردنی لەیلا زانا ژنە نیشتمانپەروەری کوردی باکووری کوردستان و هاوڕێیانی پاش ١٠ ساڵ بەندکردن لە زیندانی دەوڵەتی تورکیە. |
| ٣٢ | ٩ی ژووئەنی ١٩٦٣ | کۆچی دوایی حاجی باقی حاجی ساڵحی مەنگوڕ مامۆستای خەباتگێڕ و زانای لێهاتووی بواری زانستی بیرکاری بەدەست سوپای بەعسی دیکتاتور لە ئۆردووگای سلێمانی. |
| ٣٣ | ١٠ی ژووئەنی ١٩٧٠ | ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.لە باشووری کوردستان. |
| ٣٤ | ١١ی ژووئەنی ١٩٦٣ | هێرشی ڕیژێمی دیکتاتوری بەعسی عێراق بۆ سەر کوردستان وێران کردنی نزیکەی (٩٠٠) گوند و دێهات. |
| ٣٥ | ١١ی ژووئەنی ١٩٩٩ | دامەزراندنی لقی هەولێری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی عێراق. |
| ٣٦ | ١٢ی ژووئەنی ١٩٥٣ | بەڕێوە چوونی خۆپێشاندانێکی گەورە خەڵکی شاری مەهاباد لەدژی ڕێژیمی پاشایەتی ئێران. |
| ٣٧ | ١٢ی ژووئەنی ٢٠٠٧ | دامەزراندنی کۆمەڵەی دادوەرانی کوردستان لە شاری هەولێر. |
| ٣٨ | ١٣ی ژووئەنی ١٩٣٠ | هەڵگیرسانی شۆڕشی ئارارات بە ڕێبەرایەتی ئیحسان نوری پاشا دژی ڕیژێمی داگیرگەری تورکیە. |

ڕۆژمێری مێژووی کوردستان

ڕەحمان نەقشی

| | | |
|---|---|---|
| ٣٩ | ١٣ی ژووئەنی ٢٠٠٥ | دامەزرانی کانالی ئاسمانی زاگرۆس تی ڤی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان. |
| ٤٠ | ١٤ی ژووئەنی ٢٠٠٥ | پارلەمانی هەریمی کوردستان بۆ یەکەم جار مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەریمی باشووری کوردستان هەڵبژارد. |
| ٤١ | ١٥ی ژووئەنی ١٩٨٠ | جودا بوونەوەی تاقمی ٧ کەسی لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە هاندانی حیزبی توودەی ئێران. |
| ٤٢ | ١٦ی ژووئەنی ١٩٨٢ | کۆچی دوایی مامۆستا سادق بەهائەدین ئەدیب و مامۆستای پەروەردەکار. و لێکۆڵەرەوە وێژرەی کوردی. |
| ٤٣ | ١٦ی ژووئەنی ٢٠٠٨ | خەڵاتی ئەنجومەنی قەڵەمی باسکی ئیسپانیا بە عەدنان حەسەن پوور و هیوا بوتیمار.زیندانیانی سیاسی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٤٤ | ١٦ی ژووئەنی ١٩٨٨ | کۆچی دوایی عومەر حەوێزی سەرنووسەر رۆژنامەی دەنگی کورد. |
| ٤٥ | ١٧ی ژووئەنی ١٩٨٠ | دەست پێکردنی یەکەمین بەرنامەی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە دۆڵی شێخانی ناوچەی مەنگورانی مەهاباد. |
| ٤٦ | ١٧ی ژووئەنی ١٩٩٢ | داگرت و دابەزاندنی ئاڵای ریژێمی عێراق لە دامو دەزگاکانی باشووری کوردستان . |
| ٤٧ | ١٨ی ژووئەنی ١٩٧٣ | ماڵئاوایی حەسەن فەهمی جاف نووسەری لێهاتووی کورد. |
| ٤٨ | ١٨ی ژووئەنی ١٩٦٢ | کۆچی دوایی ئەسیری(عەبدولخالق حوسێن نەقشبندی) شاعیری نەتەوەیی و ناودار لە شاری کەرکوک. |
| ٤٩ | ١٩ی ژووئەنی ١٩٤٧ | لە سێدارەدانی چوار ئەفسەری نیشتمانپەروەری کۆماری کوردستان: محەممەد قودسی،مستەفا خوشناو،عیزەت عەبدولعەزیزو خەیروڵلا عەبدولکەریم بە دەست کاربەدەستانی ریژێمی عێراق |
| ٥٠ | ١٩ی ژووئەنی ١٩٥٠ | کۆچی داویی پیرەمێرد شاعیری نیشتمانپەروەی کورد لە شاری سلێمانی |
| ٥١ | ١٩ی ژووئەنی ١٩١٩ | بەدیل گیرانی شێخ مەحموود بە برینداری لە شەری دەربەندی بازیانی شاری سلێمانی بەدەست ئینگلیزەکان و دورخرانەوەی بۆ هیندوستان. |
| ٥٢ | ١٩ی ژووئەنی ١٩١٣ | چاپ و بڵاوکردنەوەی یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی رۆژی کورد. |
| ٥٣ | ١٩ی ژووئەنی ١٩٧٠ | دامەزراندنی کۆمەڵەی رۆشنبیری کورد لەشاری بەغدا. |
| ٥٤ | ١٩ی ژووئەنی ١٩٧٨ | کۆچی دوایی خالید زامدار هونەرمەندی بە توانا لەشاری سلێمانی. |
| ٥٥ | ٢٠ی ژووئەنی ١٩٦٣ | ماڵئاوایی ئەنوەر مائی شاعیرو مێژوونووسی کورد. |
| ٥٦ | ٢٠ی ژووئەنی ١٩٧٤ | کۆچی دوایی مامۆستا مەلا ساڵحی گۆزەپانکەیی زانای بەناوبانگی کورد. |
| ٥٧ | ٢٠ی ژووئەنی ١٩٢٢ | دامەزرانی کۆمەڵەی کوردستان لە لایەن مستەفا پاشا بەنهێنی لەشاری سلێمانی. |
| ٥٨ | ٢١ی ژووئەنی ١٩٣٢ | شێخ ئەحمەدی بارزان) و (٤٠٠) پێشمەرگە دوای هێرشی ئینگلیزەکان پەنایان بردە بەر وڵاتی تورکیە. |
| ٥٩ | ٢٢ی ژووئەنی ٢٠١٠ | کۆچی دوایی پرۆفیسۆر د.محەممەد مەعرووف فەتاح مامۆستای زانستی زمانەوانیی و کەسایەتی ئاکادیمی کورد لە شاری سلێمانی. |
| ٦٠ | ٢٢ی ژووئەنی ١٩٨٨ | بوردمانی کردنی شیمیایی گوندی زەردە لە ناوچەی دالاهۆ رۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست حکوومەتی دژی گەلی سەددام حوسێن. |
| ٦١ | ٢٣ی ژووئەنی ١٩١٩ | پێک هاتنی کۆنگرەی ئەرزەرۆم بۆ پرسی کورد لەئاکامی شۆرشی شێخ سەعیدی پیران. |
| ٦٢ | ٢٤ی ژووئەنی ١٩٦٦ | بە مەبەستی ووتوێژ لەگەڵ عبدالرحمن عارف سەرۆک کۆماری عێراق مەلا مستەفا بارزانی گەیشتە شاری بەغدا. |
| ٦٣ | ٢٤ی ژووئەنی ١٩٧٠ | بەرێوەچوونی کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵەی نووسەرانی کورد و هەڵبژاردنی عەبدولرەحمان شەرەفکندی (هەژار)شاعیر وەک سەرۆکی کۆمەڵە. |
| ٦٤ | ٢٤ی ژووئەنی ١٩٩٣ | بۆ نیشاندانی نارەزایەتی سەبارەت بە زوڵم وزۆری دەوڵەتی تورکیە کوردەکانی دانیشتووی ئەوروپا هێرشیان کردە سەر باڵیۆزخانەکانی تورکیە. |
| ٦٥ | ٢٤ی ژووئەنی ١٩٩٩ | دامەزرانی مەڵبەندی مستەفا بارزانی بۆ توێژینەوەی جیهانی لە زانکۆی واشینگتۆن لە وڵاتی ئامریکا. |
| ٦٦ | ٢٥ی ژووئەنی ١٩٧٢ | .کۆچی دوایی حەسەن زیرەک هونەرمەندی گۆرانیبێژی ناوداری کورد لە شاری بۆکان. |
| ٦٧ | ٢٥ی ژووئەنی ١٩٤٨ | .کۆچی دوایی مێژوو نووسی کورد ئەمین زەکی بەگ. |
| ٦٨ | ٢٥ی ژووئەنی ١٩٨١ | تیرۆری ساڵح عەبدوڵلا نەجمەدین ساڵح یوسفی سکرتێری یەکەمی پارتی سۆشیالیستی کوردستان،ڕۆژنامەنووس و تێکۆشەری لێهاتوو کورد لە شاری بەغدا. |
| ٦٩ | ٢٦ی ژووئەنی ١٩٨٩ | گواستنەوەی شارۆچکەی قەڵادزێ و ناوچەی پشدەر بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان لەلایەن رژێمی بەعسی عێراق. |
| ٧٠ | ٢٨ی ژووئەنی ١٩٨٨ | بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت لە لایەن حکوومەتی دیکتاتوری بەعسی عێراق. |
| ٧١ | ٢٨ی ژووئەنی ١٩٦٦ | کۆچی دوایی فایق بۆچاخ سەرۆکی پارتی دیموکراتی باکووری کوردستان. |
| ٧٢ | ٢٨ی ژووئەنی ١٩٨٨ | .شەهید بوونی سەدیق فیرۆزی چالاکوانی سیاسی و خەباتگیری رۆژهەڵاتی کوردستان،لە شەر دەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی کامیاران |
| ٧٣ | ٢٩ی ژووئەنی ٢٠٠٧ | ماڵئاوایی ئورهان دۆغان چالاکوانی سیاسی و نیشتمانپەروەری کورد لە شاری جەزیر باکووری کوردستان. |
| ٧٤ | ٢٩ی ژووئەنی ١٩٢٥ | لە سێدارەدانی شێخ سەعید پیران تێکۆشەری سیاسی و رێبەری بزوتنەوەی ئاگری لە شاری دیاربەکر بەدەست حکوومەتی تورکیە. |
| ٧٥ | ٢٩ی ژووئەنی ٢٠١٠ | بەشداری کورد لە کۆنفرانسی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان (یو ئین پێ ئۆ)( UNPO ) لە شاری رۆم پێتەختی ئیتالیا. |
| ٧٦ | ٣٠ی ژووئەنی ١٩٩٣ | ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی شیوعی کوردستان. کە درێژەپێدەری بەشی کوردستانی حیزبی شیوعی عێراق بوو |
| | | |

درێژەی هەیە...

# ڕۆژژمێری مێژووی کوردستان

بەشی سێهەم

ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی

| | | |
|---|---|---|
| | | **July - ژوویيە** |
| ١ | ١ی ژووییەی ٢٠٠٨ | شەهید کردنی دوکتور شێخ مەعشوق خەزنەوی کەسایەتی نیشتمانپەروەری مەزنی ڕۆژئاوای کوردستان بەدەست حکوومەتی سورییە. |
| ٢ | ١ی ژووییەی ١٩٦٠ | ساڵرۆژی دامەزرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لوبنان. |
| ٣ | ١ی ژووییەی ١٩٥٧ | بەڕێوەچووی سەرژمێری گشتی لە عێراق ڕێژەی کورد لەشاری کەرکوک (٥٣%)،عەرەب و تورکمانەکانیش (٤٧%) بوو. |
| ٤ | ١ی ژووییەی ٢٠٠٣ | کردنەوەی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی شاری هەولێر. |
| ٥ | ١ی ژووییەی ٢٠٠٤ | سەددام حوسێن دیکتاتۆری عێراق و ١١ کەس لە تاوانباران لەبەردەم دادگا بەسەرپەرشتی دادوەری کورد خەڵکی شاری سلێمانی ڕزگار عبدالرحمن. |
| ٦ | ١ی ژووییەی ١٩٨٥ | شەهید بوونی سەرگورد کەریم عەلیبیار تێکۆشەری سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شەڕیکی قارەمانانەی لە ناوچەی بانە. |
| ٧ | ٢ی ژووییەی ١٩٦٠ | چاپ و بڵاو کردنەوەی ڕۆژنامەی بروا لە شاری سلێمانی. |
| ٨ | ٢ی ژووییەی ١٩٦٣ | هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا بۆ یارمەتی ڕێژیم بەعس دژی شۆرشی ئەیلول لە باشووری کوردستان هێلی ئاسمانی کوردستانیان بەزاند. |
| ٩ | ٢ی ژووییەی ١٩٧٣ | بڵاو کردنەوەی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری هێڤی زمانحاڵی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان لقی دهۆک. |
| ١٠ | ٣ی ژووییەی ١٢٥٧ | کۆچی دوایی شاژنی کورد شەجەرە دوور هاوسەری ساڵح نەجمەددین ئەیووبی،لەدوای مردنی مێردەکەی بوو بە مەلەکەی میسر. |
| ١١ | ٣ی ژووییەی ١٨٣٥ | فەرمانی سوڵتان مەحموود بۆ دامرکاندنەوەی شۆرشە گەورەکەی محەممەد پاشای ڕەواندوز. |
| ١٢ | ٣ی ژووییەی ١٩٤٦ | کرێکارانی کوردو نەتەوەکانی تری کۆمپانیای نەوتی کەرکوک بەمەبەستی وەرگرتنی مافەکانیان دەستیان لە کار کێشایەوە. |
| ١٣ | ٣ی ژووییەی ١٩٩٢ | دوای جیابوونەوەی لە حیزبی شیوعی عێراق، حیزبی شیوعی کوردستان دامەزرا. |
| ١٤ | ٣ی ژووییەی ٢٠٠٧ | کۆچی دوایی فەردین سادقی هونەرمەندی بە توانا و سەرپەرستی تیپی هەڵپەرکەی کوردی لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان. |
| ١٥ | ٤ی ژووییەی ١٩٩٢ | سەردانی دانیال میتران خانمی یەکەمی فەرانسە بو هەریمی باشووری کوردستان. |
| ١٦ | ٤ی ژووییەی ١٩٩٢ | یەکەمین کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرێژەی فیفتی فیفتی ڕاگەیەنرا. |
| ١٧ | ٤ی ژووییەی ٢٠٠٣ | لە هاوینە هەواری دوکان و بە ئامادە بوونی پۆڵ بریمەر یادی سەربەخۆیی ئەمریکا کرایەوە. |
| ١٨ | ٥ی ژووییەی ١٩٩٨ | ماڵئاوایی حیلمی عەلی شەریف ڕووناکبیری کوردپەروەرە،نووسەر و شاعیرێکی بەتوانا لە بواری نیشتمانی و کۆمەڵایەتی لە شاری سلێمانی. |
| ١٩ | ٥ی ژووییەی ١٩٤٤ | کۆچی دوایی عەبدولواحید نوری نووسەرو شاعیری لێهاتووی کورد. |
| ٢٠ | ٥ی ژووییەی ١٩٦١ | کۆچی دوایی سەعید کابان نووسەر و زمانەوانی بەتوانای کورد. |
| ٢١ | ٦ی ژووییەی ١٩٩٦ | پێک هاتنی کۆنفراسێکی نێودەوڵەتی بەناوی ئاشتی بۆ کوردستان لە شاری بۆن لە وڵاتی ئەڵمان. |
| ٢٢ | ٦ی ژووییەی ١٩٩٦ | تیرۆری ئەبووبەکر هیدایەتی چالاکی سیاسی بە هۆی نامەی بۆمبی لە لایەن تیرۆرسیتەکانی کۆماری ئیسلامیی لە وڵاتی سوئید. |
| ٢٣ | ٦ی ژووییەی ٢٠٠٧ | سەرکەوتنی یانەی تۆپی پێی هەولێر بۆ یەکەم جار لە مێژووی خۆیدا بۆ خولی یانەکانی ئاسیا، |
| ٢٤ | ٧ی ژووییەی ١٩٦٣ | گوللە باران کردنی ٦ کەس لە ناو شار کۆیە، ڕۆژی شەهیدان. |
| ٢٥ | ٧ی ژووییەی ١٩٩١ | دەستی پێکردنی گفتوگۆی بەرەی کوردستان لەگەڵ ڕێژیمی بەعس لە شاری بەغدا. |
| ٢٦ | ٧ی ژووییەی ٢٠٠٧ | تەقینەوەیەک لەناوچەی ئامرلی شاری کەرکوک نزیکەی ٣٥٠ شەهید و قوربانی لێکەوتەوە. |
| ٢٧ | ٨ی ژووییەی ١٩٩٤ | کۆچی دوایی ئەمیر قادری تێکۆشەری سیاسی و خەباتگیری دیرینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشووری کوردستان. |
| ٢٨ | ٨ی ژووییەی ١٩٣٧ | قەراردادی سەعدئاباد لە نێوان تورکیە, ئێران, عێراق و ئەفغانستان وبریاری چۆنیەتی بەربەرەکانی دژ بە میللەتی کورد. |
| ٢٩ | ٩ی ژووییەی ١٩٨٣ | کۆچی دوایی هونەرمەندی گورانیبێژی ناوداری کورد حەسەن جەزراوی. |
| ٣٠ | ١٠ی ژووییەی ١٩٢٧ | دامەزراندنی کۆمەڵەی پشتیوان لەلایەن مستەفا شەوقی لە شاری سلێمانی. |
| ٣١ | ١٠ی ژووییەی ١٩٤٨ | کۆچی دوایی ئەمین زەکی بەگ مێژوو نووسی بەناوبانگی کورد. |
| ٣٢ | ١١ی ژووییەی ١٩٩٨ | ماڵئاوایی ئیبراهیم ئەمین باڵدار مامۆستای پەروەردەکار، و دانەری کتێبی ئەلف و بێی کوردی لە شاری بەغدا. |
| ٣٣ | ١١ی ژووییەی ١٩٥٢ | کۆچی دوایی محەممەد عەلی عەونی نووسەری بەتوانای باکووری کوردستان لە شاری قاهیرە. |
| ٣٤ | ١١ی ژووییەی ١٩٩٩ | کۆچی دوایی خاتوو نەجیبەخانی جەڵیزادە ئافرەتی ڕووناکبیرو تێکۆشەری کورد. |

ڕۆژژمێری مێژووی کوردستان
ڕەحمان نەقشی

| | | |
|---|---|---|
| ٣٥ | ١١ی ژووییەی ١٩٦٥ | ساڵرۆژی دامەزرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن فائق بۆجاغ لە باکووری کوردستان. |
| ٣٦ | ١٢ی ژووییەی ١٩٤٣ | بەیارمەتی حیزبی هیوا مەلا مستەفا بارزانی لەدەست بەسەریی لە شاری سلێمانی رزگار بوو،و بەرەو شاری شنۆ کەوتەرێ. |
| ٣٧ | ١٢ی ژووییەی ١٩٤٧ | کۆچی دوایی دڵدار ( یونس مەلا رەئوف مەلا مەحمود سەعید) شاعیری گەورەی کورد و دانەری سروودی ئەی رەقیب. |
| ٣٨ | ١٢ی ژووییەی ١٩٥٢ | کۆچی دوایی شاعیر موفتی پێنجوینی لە شاری سلێمانی. |
| ٣٩ | ١٣ی ژووییەی ١٩٨٩ | تیرۆری فازیل مەلامەحموود مەلارەسوڵ نووسەر و وەرگێری لێهاتووی کورد بەدەست کۆماری ئیسلامی ئێران لە وییەن پێتەختی ئوتریش. |
| ٤٠ | ١٣ی ژووییەی ١٩٨٨ | تیرۆر کردنی دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتوویژ بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری وییەن پێتەختی ئۆتریش. |
| ٤١ | ١٣ی ژووییەی ١٩٣٢ | بڵاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری زاری کرمانجی لە لایەن حوزنی موکریانی لە شاری هەولێر. |
| ٤٢ | ١٣ی ژووییەی ١٩٨٨ | تیرۆری عەبدوڵا قادری ئازەر لە وتوویژ بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان،لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری وییەن. |
| ٤٣ | ١٣ی ژووییەی ١٩٨٦ | ماڵاوایی محەممەد یاهوو یەک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانی کورد [ژ.ک] و لە کاربەدەستانی پایە بەرزی کۆماری کوردستان،لەشاری تاران. |
| ٤٤ | ١٤ی ژووییەی ١٩٧١ | پێک هاتنی کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتی نووسەرانی کورد لەشاری هەولێر. |
| ٤٥ | ١٥ی ژووییەی ١٩٨٩ | کۆچی دوایی شێخ محەممەد خال زاناو نووسەری لێهاتووی کورد لە شاری سلێمانی. |
| ٤٦ | ١٥ی ژووییەی ١٩٥١ | ماڵئاوایی جەلادەت عالی بەدرخان چالاکوانی سیاسی نووسەر،رۆژنامەوان وداهێنەری ئەلفوبێی کورمانجی بەشێوەی لاتینی لەرووداوێکی هاتووچوو لە شام. |
| ٤٧ | ١٥ی ژووییەی ١٩٨٠ | کۆچی دوایی محەرەم محەممەد ئەمین چیرۆک نووسی بەناوبانگی کورد. |
| ٤٨ | ١٥ی ژووییەی ١٩٩٩ | کۆچی دوایی سەید سەلامی عەزیزی تێکۆشەر و چالاکوانی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی نەخۆشی لە باشووری کوردستان. |
| ٤٩ | ١٦ی ژووییەی ٢٠٠٧ | شەهید کردنی شاعیرو نووسەری گەرمیان مستەفا قەرەداغی لە تەقینەوەکانی شاری کەرکووک. |
| ٥٠ | ١٦ی ژووییەی ١٩٤٤ | گفتوگۆی نێوان کۆمەڵەی هیوا و کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و بەستنی پەیمانێک بە ناوی پەیمانی سێ سنوور . |
| ٥١ | ١٦ی ژووییەی ١٩٤٦ | شەهید بوونی محەممەد نانەوازادە ئەندامی کۆمەڵەی (ژ - ک )یەکەمین فەرماندەرو جێگری سیاسی وەزارەتی هێزی کوردستان لەسەردەمی کۆماری کوردستان بە هۆی کەوتنە خوارەوەی فرۆکە لە نێزیک کەلیخان ناوچەی بانە. |
| ٥٢ | ١٧ی ژووییەی ٢٠٠٣ | کۆچی دوایی موجتەبا میرزادە هونەرمەندی ناوداری مۆسیقا ژەن لە شاری تاران. |
| ٥٣ | ١٧ی ژووییەی ٢٠١٠ | رێورەسمی پەردلادان لە سەر مۆنۆمنتێی شەهید دوکتور قاسملوو لە شاری وییەن پێتەختی ئۆتریش. |
| ٥٤ | ١٧ی ژووییەی ١٩٨٧ | یەکەم کۆبوونەوەی بۆ باس کردن و پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی لەباشووری کوردستان. |
| ٥٥ | ١٧ی ژووییەی ١٩٩١ | راپەرینی دووهەمی کۆمەلانی خەڵکی تێکۆشەری شاری سلێمانی. |
| ٥٦ | ١٨ی ژووییەی ١٩١٩ | کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان سپای رووسیە یان لە شاری رەواندوز لە باشووری کوردستان کردە دەرەوە. |
| ٥٧ | ١٨ی ژووییەی ١٩٣٧ | مۆرکردنی پەیمانی دۆستایەتی لەنێوان عێراق و ئێران بۆ لێدانی بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کورد. |
| ٥٨ | ١٨ی ژووییەی ١٩٧٦ | کۆچی دوایی رەمزی مەلا مارف شاعیری بە تواناو ناوداری کورد. |
| ٥٩ | ١٨ی ژووییەی ١٩٩١ | کۆچی دوایی حوسێن عەلی هونەرمەندی گورانیبێژی دەنگ خۆشی گەرمیان. |
| ٦٠ | ١٨ی ژووییەی ١٩٩٤ | دامەزراندنی یەکیەتی مافپەروەرانی کوردستان. |
| ٦١ | ١٨ی ژووییەی ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی عەلی لەتیف یاریزانی تۆپی پێ،باسکیدباڵ و شارەزای هونەری شێوەکار. |
| ٦٢ | ١٨ی ژووییەی ١٩٨١ | شەهید بوونی جەماڵ مفتی هونەرمەندی شۆرشگێری کورد لە شاری مەهاباد. |
| ٦٣ | ١٩ی ژوییەی ٢٠١٠ | کۆچی دوایی سەفوەت جەراح هونەرمەندی شانۆکاری بە توانای کورد لە شاری هەولێر. |
| ٦٤ | ٢٠ی ژووییەی ١٩٧١ | کۆچی دوایی عاسم حەیدەری ئەدیب و نیشتیمان پەروەری کورد لە شاری هەولێر. |
| ٦٥ | ٢١ ی ژووییەی ١٩٢٢ | مستەفا پاشای یامولکی بۆ پشتیوانی شێخ مەحمود کۆمەڵەی کوردستانی لە شاری سلێمانی دامەزراند. |
| ٦٦ | ٢١ ی ژووییەی ١٩٣٠ | بۆ بەهانا و یارمەتی کردنی شۆرشی ئارارات،شێخ ئەحمەدی بارزان ٢٠٠ چەکدار رەوانەی باکووری کوردستان کرد. |
| ٦٧ | ٢١ ی ژووییەی ١٩٥٨ | ئازاد کردنی شێخ ئەحمەد بارزانی لەدوای ١٢ ساڵ لە بەندیخانە،لەسەر بریاری شۆرشی عێراق. |
| ٦٨ | ٢١ ی ژووییەی ٢٠٠٣ | دەستگیرکردنی عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە عەلی شیمیایی جەنایەتکاری رێژیم بەعس لەشاری سامەرا لە عێراق. |
| ٦٩ | ٢١ ی ژووییەی ٢٠١٠ | کۆچی دوایی شێخ جەلالەدین حوسێنی چالاکی سیاسی و سکرتێری سازمانی خەباتی‌کوردستانی ئێران لە شاری هەولێر. |
| ٧٠ | ٢١ی ژووییەی ١٩٢٦ | دامەزرانی کۆمەڵەی زانستی کوردان (کۆمەڵەیەکی لێبرال) بووە لە شاری کەرکوک. |
| ٧١ | ٢٢ی ژووییەی ١٩٨٨ | بوردمانی شیمیایی کۆندی زەردە لە ناوچەی دالاهۆی رۆژهەڵاتی کوردستان بەدەست حکوومەتی بەغدا. |
| ٧٢ | ٢٢ی ژووییەی ١٩٩٤ | واژۆ کردنی رێککەوتنامەی ئاشتی لە نێوا پارتی دێموکرات و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بەبەشداری خاتوو دانیل میتران. |
| ٧٣ | ٢٢ی ژووییەی ٢٠٠٣ | کوژران و بە سزا گەیاندنی عودەو قوسەی دوو کورە جەنایەتکارەکەی سەددام حوسێن لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە. |
| ٧٤ | ٢٣ی ژووییەی ١٩٢٣ | هەڵوەشاندەوە بیرۆکەی دەوڵەتی کوردی لە باکووری کوردستان لە لایە مستەفا کەمال ئاتاتورک. |
| ٧٥ | ٢٣ی ژووییەی ١٩٨١ | کۆچی دوایی هونەرمەندی ناوداری کورد مامۆستا عەلی مەردان لەشاری بەغدا. |
| ٧٦ | ٢٣ی ژووییەی ٢٠٠٧ | کردنەوەی پەخشی تاقیکاری کورد کاناڵ زمان حالی حیزبی دێموکراتی کوردستان. |

رۆژمێری مێژووی کوردستان

رەحمان نەقشی

| | | |
|---|---|---|
| ٧٧ | ٢٤ی ژووییەی ١٩٥٣ | بەرێوەچوونی متینگی گەورە لە شاری مەهاباد بەبۆنەی هەلاتنی شای ئێران بەرەو بەغدا ورۆم. |
| ٧٨ | ٢٤ی ژووییەی ١٩٧٧ | کۆچی دوایی عەبدولرحمان لەتیف ئیسماعیل عەبدوڵلا وێنەگرو دامەزرێنەری چاپخانەی کوردی. |
| ٧٩ | ٢٤ی ژووییەی ١٩٢٣ | واژو کردنی پەیمانی لۆزان بەوجۆرە بۆ دووهەمین جار بە رەسمی کوردستان دابەش دەکردرێ. |
| ٨٠ | ٢٤ی ژووییەی ١٩٧٧ | کۆچی دوایی مامۆستا گیوی موکریانی، خاوەنی چاپخانەی کوردستان. |
| ٨١ | ٢٤ی ژووییەی ١٩٩٣ | پێکهێنانی بەرەی باکووری کوردستانی) کەلە ١١ حیزب پێکهاتبوون لە شاری لۆزان لە وڵاتی سویس. |
| ٨٢ | ٢٥ی ژووییەی ٢٠٠٩ | هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەریم و پەرڵەمانی کوردستان لەباشوری کوردستان . |
| ٨٣ | ٢٥ی ژووییەی ٢٠٠٩ | پێک هاتنی لیستێکی نوێ و قەوارەیەکی سیاسی بە ناوی گۆران بە سەرۆکایەتی ئەوشیروان مستەفا لە باشووری کوردستان. |
| ٨٤ | ٢٧ی ژووییەی ١٩٥٨ | بۆ یەکەمجار لەبرگە سێی دەستووری عێراق دان بە ئەوە داهێنرا کە عێراق لە دوو نەتەوەی کورد و عەرەب پێک هاتووە. |
| ٨٥ | ٢٧ی ژووییەی ١٩٩٦ | لەشکرکێشی و بەزاندنی سنووری هەریمی کوردستان هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ لە نێوبردنی رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، |
| ٨٦ | ٢٧ی ژووییەی ٢٠٠٧ | رێکەوتننامەی ستراتیژیی پارتی و یەکیەتی بە ئیمزای سکرتێری یەکیەتی نیشتمانی،مام جەلال و سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان،مەسعود بارزانی. |
| ٨٧ | ٢٧ی ژووییەی ١٩٨٩ | کۆچی دوایی سەید کامیل ئیمامی ناسراو بە ئاوات شاعیری چالاک و نیشتمان پەروەر کورد. |
| ٨٨ | ٢٨ی ژووییەی ١٩٩٤ | کۆچی دوایی م. مەجید گراوی زانای ئایینی شاری هەولێر. |
| ٨٩ | ٣٠ی ژووییەی ١٩٦٣ | کۆچی دوایی بەشیر موشیر نووسەری ناوداری کورد. |
| ٩٠ | ٣٠ی ژووییەی ١٩٨٥ | بڵاوکردنەوەی گۆڤاری کاروانی وەرزش لەشاری بەغدا بەزمانی کوردی. |
| ٩١ | ٣٠ی ژووییەی ١٩٩٢ | هەڵگیرسانی یەکەم شەری نێوان یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی لەشاری کەلار لە باشووری کوردستان. |
| ٩٢ | ٣١ی ژووییەی ١٩٨٣ | ریژێمی عێراق لەکۆمەڵگاکانی (قوشتەپەو سۆران و بەحرکە) (٨) هەزار بارزانی ئەنفال و شووین بزر کرد. |
| ٩٣ | ٣١ی ژووییەی ١٩٣٢ | بڵاو کردنەوەی گۆڤاری روناکی بە هەمووی ١٥ ژمارەی لێ دەرچوو لە شاری رەواندوز و هەولێر. |

## August - ئووت

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ای ئووتی ٢٠٠٨ | کۆچی دوایی هونەرمەندی میللی و ناسراوی کورد سمایل سەردەشتی لە روداوێکی هاتووچوو لە باشووری کوردستان. |
| ٢ | ای ئووتی ٢٠٠٥ | کراوەتەوە فرۆکەخانەیەوە نێودەوڵەتی سلێمانی، یەکەم گەشتی لە رۆژی ١ی نوامبری ٢٠٠٥ بۆ عەمانی پایتەختی ئوردون بوو. |
| ٣ | ای ئووتی ١٨٨٢ | راکردنی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لەشاری ئەستەمبۆڵ و گەرانەوەی بۆ کوردستان لەرێگەی سۆڤیەت. |
| ٤ | ای ئووتی ١٩٨١ | یەکەم پەخشی کانالی ئاسمانی MTV تی ڤی تایبەت بە مۆسیقا. |
| ٥ | ٢ی ئووتی ١٩٢٢ | بڵاو بوونەوەی رۆژنامەی بانگی کوردستان. |
| ٦ | ٢ی ئووتی ١٩٧٤ | کۆچی دوایی ماجید مستەفا چالاکی سیاسی و وەزیری کابینەی (نوری سەعید) لە شاری بەغدا. |
| ٧ | ٢ی ئووتی ١٩٥٩ | دەرچوون و بڵاو کردنەوەی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری بڵێسە لەلایەن سەندیکای مامۆستایان لەشاری سلێمانی. |
| ٨ | ٤ی ئووتی ١٩٦٦ | چاپخانەی خەبات لەشاری دهۆک کەوتە کار. |
| ٩ | ٤ی ئووتی ١٩٦٠ | کۆچی دوایی رەفیق حیلمی شاعیر ، مێژوو نووس و وەرگیری ناوداری کورد. |
| ١٠ | ٥ی ئووتی ١٩٦٦ | کۆچی دوایی مامەند کەرکوکی شاعیری بە توانای کورد. |
| ١١ | ٥ی ئووتی ١٩١٩ | سەردانی عارف پاشا ماردینی سەرۆکی(کۆمەڵەی کوردستان)لە گەڵ سورەیا بەدرخان لە دەفتەری هێزەکانی ئینگلیز بە ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان. |
| ١٢ | ٥ی ئووتی ١٩٥٦ | تیرۆری یارمحەممەد خان زەردەلانی چالاکی سیاسی و تێکۆشەری کوردی کرمانشان لە قوی لک بەدەست چەند چەکداری نەناسراو. |
| ١٣ | ٦ی ئووتی ١٩٣٦ | کۆچی دوایی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی هونەرمەند و مامۆستا ناوداری مەقامی کوردی لە شاری سنە. |
| ١٤ | ٦ی ئووتی ١٩٩٦ | کۆچی دوایی بڵند حەیدەری شاعیری لێهاتووی کورد لەشاری لەندەن وڵاتی بریتانیا. |
| ١٥ | ٧ی ئووتی ١٩٣٨ | هەرەس و کۆتایی هاتنی شۆرشی دووهەمی دەرسیم لە باکووری کوردستان. |
| ١٦ | ٧ی ئووتی ١٩٧٣ | کۆچی دوایی عومەر ساقی مامۆستای پەروەردەکار و یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکیەتی نووسەرانی شاری هەولێر. |
| ١٧ | ٨ی ئووتی ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی ئارام تیگرانلە کارمەندی رادیۆی ئەرمەنستان،هونەرمەند و گۆرانیبێژی کورد زمانی ئەرمەنیی. |
| ١٨ | ٨ی ئووتی ١٩٧٩ | حیزبی سۆسیالستی یەکگرتوی کوردستان (حسیک) حیزبی سۆشیالستی کوردستان(حسک)،ئێستا ئەم پارتە بوە بە حیزبی سۆسیالست دیموکراتی کوردستان، |
| ١٩ | ٩ی ئووتی ٢٠٠٧ | کۆچی دوایی جەبار فەرمان وەزیری پێشمەرگە لەیەکەم کابینە،وەزیری ناوخۆ ،لە ساڵی ١٩٩٩ جێگری فەرماندەریی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، |
| ٢٠ | ٩ی ئووتی ١٩٧٢ | کۆچی دوایی قەدری جان شاعیر و ڕامیاریناس و چیرۆکنووس و وتارنووس و وەرگێر،لە شاری دیمەشق. |
| ٢١ | ١٠ی ئووتی ١٩٢٠ | پەیمانی سیڤەر بریاری دامەزرانی حکومەتی سەربەخۆی کوردستان. |
| ٢٢ | ١٠ی ئووتی ٢٠٠١ | کۆچی دوایی خانم ئێران موجەرد یەکەمین گۆرانیبێژی ژن لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری ورمێ. |
| ٢٣ | ١٠ی ئووتی ١٩٥٦ | ساڵرۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد (KSSE) لە ئۆروپا. |
| ٢٤ | ١١ی ئووتی ١٩٩٩ | لە باکووری خورئاوای باشووری کوردستان.لە کات ژمێری سێ وپەنجاخولەکی پاش نێوەرۆ ئەم رۆژە دا خۆر گیرا. |
| ٢٥ | ١٢ی ئووتی ١٩٢٨ | خۆ تەسلیم کردنەوەی هەردوو براکەی شێخ سەعیدی پیران ، شێخ مەهدی و شێخ عەبدولرەحیم بەحکوومەتی تورکیە. |

رەحمان نەقشی

| | | |
|---|---|---|
| ۲۶ | ۱۳ی ئووتی ۲۰۱۰ | ئاگربەسی یەکلایەنەی پارتی کرێکارانی کوردستان،لەساڵی۱۹۹۳هەتا ئێستا ئەوە ۱۸هەمین ئاگربەستی یەکلایەنەی ئەو پارتە بۆ چارە سەری ئاشتیانە. |
| ۲۷ | ۱۳ی ئووتی ۱۹۴۵ | هێرشی سپای حکوومەتی بەغدا بۆسەر ناوچەی بارزان بۆ نێو بردنی شۆرشی ئەم ناوچەیە. |
| ۲۸ | ۱۳ی ئووتی ۱۵۹۷ | بەرگی یەکەمی کتێبی شەرەفنامە لە نووسینی شەرەفخانی بەدلیسی بڵاو کرایەوە. |
| ۲۹ | ۱۴ی ئووتی ۱۹۹۳ | دەستی پێی کردنی بەرنامەکانی رادیۆی دەنگی هەرێمی کوردستان لەشاری هەولێر. |
| ۳۰ | ۱۵ی ئووتی ۱۹۶۰ | پێک هاتنی دووهەم کۆنگرەی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان. |
| ۳۱ | ۱۵ی ئووتی ۱۹۷۹ | شەهید کردنی ۲۱ تێکۆشەری کورد لە شاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ۳۲ | ۱۵ی ئووتی ۱۹۹۵ | تیرۆری عەلی کاشف پوور رووناکبیر و چالاکی سیاسی و تێکۆشەری دیرینی رۆژهەڵاتی کوردستان،لە قونیە- تورکیە بە دەست کۆماری ئیسلامی ئێران. |
| ۳۳ | ۱۵ی ئووتی ۲۰۰۲ | کۆچی دوایی ئازاد شەوقی هونەرمەندی تابلۆکێشی لێهاتوو و بە توانای کورد. |
| ۳۴ | ۱۶ی ئووتی ۲۰۰۹ | ماڵئاوایی مامۆستا حەسەن یوسف زەمانی کارگیری رادیۆیی ورمێ ،سنە و تاران،مۆسیقا ژەن خاوەنی دەیان کۆنسێرت،و دانەری گۆرانی لە تۆرۆنتۆی کانادا. |
| ۳۵ | ۱۶ی ئووتی ۱۹۹۲ | ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی رزگاریی کوردستان لەلایەن رێکار ئەحمەد.لە باشووری کوردستان. |
| ۳۶ | ۱۶ ئووتی ۱۹۴۲ | دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ-ک) لە شاری مەهاباد، رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ۳۷ | ۱۶ی ئووتی ۱۹۴۵ | ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد.لەسەر بناخەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ – ک) |
| ۳۸ | ۱۶ی ئووتی ۱۹۲۳ | بۆردومان کردنی شاری سلێمانی لە لایەن هێزەکانی ئینگلیزەوە. |
| ۳۹ | ۱۶ی ئووتی ۲۰۰۷ | کۆچی دوایی بەهادین ئەدەب یەکێک لە دامەزرێنەرانی بەرەی یەکگرتووی کورد لە شاری تاران. |
| ۴۰ | ۱۶ی ئووتی ۱۹۸۶ | بۆردومان کردنی گوندەکانی شاری زاخۆ لەلایەن هێزەکانی تورکیە. |
| ۴۱ | ۱۶ی ئووتی ۱۹۹۳ | یەکگرتنی پارتی دێموکراتی کوردستان و پارتی گەل لەکۆنگرەی ۱۱ی پارتی لەشاری هەولێر. |
| ۴۲ | ۱۷ی ئووتی ۱۹۶۰ | چاپ و بڵاو کردنەوەی رۆژنامەی دەنگی کورد لەشاری بەغدا. |
| ۴۳ | ۱۷ی ئووتی ۲۰۱۰ | ۲۲۸ رێکخراوی سیاسی، ئایینی، کەلتوری، مەدەنی، لەکۆبونەوەیەکی هاوبەشدا پشتگیری خۆیان بۆ "ئۆتۆنۆمی دیموکراتی" بۆ کوردەکانی تورکیە. |
| ۴۴ | ۱۷ی ئووتی ۱۹۶۳ | دەوڵەتی مەغولستان کێشەی کوردی بردە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڵام لە ژێر گوشاری یەکیەتی سوڤیەتی لە داواکەی خۆی پاشگەز بووە. |
| ۴۵ | ۱۸ی ئووتی ۱۹۲۴ | بڵابوونەوەی رۆژنامەی ژیانەوە بە هەمووی ۵۶ ژمارەی لە شاری سلێمانی لێ بڵاو کرایەوە. |
| ۴۶ | ۱۸ی ئووتی ۱۹۹۴ | کۆچی دوایی ئەسکەندەر عوسمان جامباز هونەرمەندی نیگارکێشی رئالیست لە شاری هەولێر. |
| ۴۷ | ۱۸ی ئووتی ۲۰۰۳ | دەستگیرکردنی تەها یاسین رەمەزان لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگە لەشاری موسڵ دوایی درایە دەستی هێزەکانی ئەمریکا. |
| ۴۸ | ۱۹ی ئووتی ۱۹۶۵ | کوشتنی ۶۷ هاوڵاتی لە لایەن هێزەکانی رێژیمی بەعس لەشاری دهۆک. |
| ۴۹ | ۱۹ی ئووتی ۱۹۶۶ | روودانی بۆمەلەرزە لە وارتۆ لای موش کە ۳۰۰۰ کوشتە و ۲۰۰۰۰ ماڵ وێران دەبن ! لە باکووری کوردستان. |
| ۵۰ | ۱۹ی ئووتی ۱۹۷۹ | راگەیاندنی جیهادی خومەینی دژی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دوای سازکردنی شەر لەپاوە،سەپاندنی شەریکی سەرانسەری( شەری سێ مانگە) |
| ۵۱ | ۲۰ی ئووتی ۱۹۴۷ | کۆچی دوایی م.عەزیز موفتی زانای ئایینی کورد. |
| ۵۲ | ۲۱ێ ئووتی ۱۸۸۲ | حکوومەتی بەغدا ئاگاداری وەزارەتی دەرەوەی ئێران کردەوە کە شێخ عوبەیدوڵلای نەهری هاتۆتە سنوورەکانی ئێران. |
| ۵۳ | ۲۱ ی ئووتی ۲۰۱۰ | کۆچی دوایی محێدین زەنگەنە نووسەرلەبواری نوسینی رۆمان و شانۆ و خاوەنی چەند خەڵات. لە شاری سلێمانی |
| ۵۴ | ۲۲ی ئووتی ۱۸۱۳ | کۆچی دوایی ئەورەحمان پاشای بابان یەکێک لە میرە هەر ناودارەکانی کورد. |
| ۵۵ | ۲۲ی ئووتی ۱۹۲۲ | یەکەم ژمارەی رۆژنامەی بانگی کوردستان بڵاوکرایەوە. |
| ۵۶ | ۲۳ی ئووتی ۱۹۶۲ | لێ ستاندەنەوەی ناسنامەی سوری و بە بێگانە ناساندنی ۱۲۰۰۰۰ کوردی ناوچەی جەزیرە لە لایەی حکوومەتی سووریيە. |
| ۵۷ | ۲۳ی ئووتی ۱۵۱۴ | شەری چالدێران لە لایە دوو ئیمپراتووری عوسمانی و سەفەوی ئێران لە سەر خاکی کوردستان. |
| ۵۸ | ۲۴ی ئووتی ۱۹۲۰ | راپەرینی برایم خانی دەلو.شارۆچکەی کفریان لە سپای ئینگلیز پاک کردەوە وئالای بریتانیایان دا گرت. |
| ۵۹ | ۲۵ی ئووتی ۱۹۴۶ | ساڵرۆژی دامەزرانی پارتی دێموکراتی کوردستان. |
| ۶۰ | ۲۵ی ئووتی ۱۹۵۵ | کۆچی دوایی بێخوود شاعیرو زانای بەناوبانگی ئایینی کورد. |
| ۶۱ | ۲۵ی ئووتی ۱۹۸۸ | شیمیاباران کردنی ناوچەی بادینان لەلایەن رێژیمی بەعسی عێراق. |
| ۶۲ | ۲۶ی ئووتی ۱۹۸۸ | بۆردومان کردنی ناوچەی هیران بەگازی کیمیاوی لەلایەن رژێمی عێراق. |
| ۶۳ | ۲۷ی ئووتی ۱۹۸۸ | شیمیاباران کردنی ناوچەی بەرواری لەپارێزگای دهۆک لەلایەن رژێمی بەعس. |
| ۶۴ | ۲۷ی ئووتی ۱۹۸۰ | ساڵرۆژی دامەزرانی سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامی کوردستانی ئێران، لە ۲۴ی مای ۱۹۸۷ بوو بە دوو بەش ئەو بەشە بە ناوی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران تێکۆشانی خۆی دەست پێکرد. |
| ۶۵ | ۲۸ی ئووتی ۲۰۱۰ | کۆچی دوایی سەید عوبدوڵلا ئەیوبییان نووسەر،زمانناس وڵێکۆڵەری ناوداری کورد و دوایین یادگاری کۆمەڵەی ژی - کاف و کۆماری کوردستان لە مەهاباد. |
| ۶۶ | ۲۸ی ئووتی ۱۹۸۸ | حکوومەتی عێراق هێرشەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان چرتر کرد. |
| ۶۷ | ۲۹ی ئووتی ۱۹۶۱ | چاپ و بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی هەولێر لەشاری هەولێر. |
| ۶۸ | ۲۹ی ئووتی ۱۹۷۰ | ساڵرۆژی دامەزرانی کۆری زانیاری کورد لەشاری بەغدا پێتەختی عێراق. |

| | | |
|---|---|---|
| ٦٩ | ٣٠ی ئووتی ١٩٦٨ | کۆچی دوایی ساڵح قەفتان مێژوونووسی بە توانای کورد. |
| ٧٠ | ٣٠ ئووتی ٢٠٠٥ | کۆچی دوایی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریسی کەسایەتی گەورەی ئایینی و ئەدیب و زانای کورد لە شاری بەغدا. |
| ٧١ | ٣١ ئووتی ١٩٧٩ | شەهید بوونی فوئاد مستەفا سوڵتانی چالاکی سیاسی و یەکیک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە. |
| ٧٢ | ٣٠ی ئووتی ١٩٩٤ | دامەزرانی رێکخراوی ئاوارە و ئەنفالەکانی کوردستان لە باشووری کوردستان. |

## September - سیپتامبر

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ای سپتامبری ١٩٨٩ | کۆچی دوایی شاعیری کرمانشانی شامی. |
| ٢ | ای سپتامبری ١٩٢١ | کردنەوەی یەکەمین قوتابخانە فەرمی لە شارۆچکەی عەنکاوە ی شاری هەولێر. |
| ٣ | ای سپتامبری ١٩٩٥ | چاپ و بڵاو کردنەوەی ژمارە سفر ی رۆژنامەی رەسەن لە شاری دهۆک. |
| ٤ | ٢ی سپتامبری ١٩٣٧ | بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی ژیان. |
| ٥ | ٢ی سپتامبری ١٩٦٨ | لەسێدارە دانی شاعیرو تێکۆشەری سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان مەلا ئاوارە(ئەحمەد شەڵماشی)لە شاری سەردەشت لەلایەن حکوومەتی پاشایەتی ئێران. |
| ٦ | ٢ی سپتامبری ١٩٧٩ | جینایەتی سامناک و درەندانەی چەکدارانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و قەلاچۆ کردنی ٦٧ کەس لە دانیشتوانی گوندی قارنی. |
| ٧ | ٢ی سپتامبری ٢٠٠٣ | ئەنجوومەنی حوکمرانی عێراق لە بەیاننامەیەک دا پێکهاتنی یەکەمین کابینەی نۆیی پاش رووخانی رێژیمی دیکتاتوری لە عێراق راگەیاند. |
| ٨ | ٢ی سپتامبری ١٩٥٨ | پیشوازی گەرمی سەرۆک کۆماری عێراق عەبدولکەریم قاسم لە مەلا مستەفای بارزانی لە کاتی گەرانەوەی لە یەکیەتی سوڤیەت بۆ عێراق. |
| ٩ | ٣ی سپتامبری ١٩٩٩ | بڵاو کردنەوەی شەست پوولی پۆست (تەمری پۆست)لە لایەن حکوومەتی هەریمی کوردستان،ئەوە بۆ یەکەم جار دوای شێخ مەحموود دەسەڵاتی کورد بەم شێوەیە پوولی پۆست بڵاو کاتەوە. |
| ١٠ | ٣ی سپتامبری ١٩٨٩ | پێک هاتنی یەکەم کۆنگرەی ماف پەروەرانی کوردستان. |
| ١١ | ٤ی سپتامبری ١٩٩١ | دامەزرانی پارتی پارێزگارانی کوردستان، لەلایەن ( عومەر ئاغای سورچی و زەیدی عومەر ئاغا) |
| ١٢ | ٤ی سپتامبری ١٩٩٥ | بەشداری نوێنەرانی ژنانی کوردستان لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی ژنانی جیهان لە پەکەن پێتەختی چین. |
| ١٣ | ٤ی سپتامبری ١٩٢٦ | وتۆیژ و دانیشتنی کاربەدەستانی دەوڵەتی بریتانیا لە عێراق بە ناچاری لە گەڵ شێخ مەحموود بۆ هێمنی و ئارامی ناوچەکە کە سێ کاتژمێری خایاند. |
| ١٤ | ٤ی سپتامبری ١٩٤٥ | پێک هاتنی کۆنفرانسێکی بەرین بە ئامادە بوونی ٢٧ سەرۆکی کورد بە بەشداری دوو گەورە دیپلۆماتی روسی لە شاری سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ١٥ | ٤ی سپتامبری ١٩١٧ | هێرشێکی گەورە و بەربڵاوی سپای عێراق بۆ سەر ناوچەی هاودیان سەربە پارێزگای هەولێرو دەوروبەری. |
| ١٦ | ٥ی سپتامبری ١٩٢٢ | بەهۆی بەرگری شێخ مەحموود سپای بەریتانیا لە شاری سلێمانی کشایەوە. |
| ١٧ | ٥ی سپتامبری ١٩٣٧ | گیرانی سەید رەزا رێبەری شۆرشی دەرسیم لەلایەن هێزەکانی تورکیە. |
| ١٨ | ٥ی سپتامبری ١٩٨٨ | دەستی پێکردنی ئەنفالی هەشت لە بناری قەندیل لە لایەن رێژیمی بەعس. |
| ١٩ | ٦ی سپتامبری ٢٠٠٣ | کۆچی دوایی محەممەد هەورازی شاخەوانی بەرزە ناوی کورد و یەکێک لە باشترین شاخەوانانی جیهانی بەهۆی رنۆی بەفرلە شاخی گاشبرۆم ١ لە نەخۆشخانەی پاکستان. |
| ٢٠ | ٦ی سپتامبری ١٩٣٠ | راپەرینی کۆمەڵانی خەڵک لە بەر دەرگای سەرا لە شاری سلێمانی کە بوو بە هۆی شەهید بوون ٤٥ هاوڵاتی. |
| ٢١ | ٦ی سپتامبری ١٩٥٩ | بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی رای گەل لە شاری کەرکوک. |
| ٢٢ | ٧ی سپتامبری ١٩٩٥ | دەستی پێکرد خوولی دووەمی کۆبوونەوەکانی ئاشتی لە کوردستان لە شاری دبلن پێتەختی ئیرلەند. |
| ٢٣ | ٧ی سپتامبری ٢٠٠٣ | بەرێوە چوونی یەکەمین فستیڤالی منداڵانی کوردستانی ئێران بە دەست پێشخەری دنیای منداڵان. |
| ٢٤ | ٧ی سپتامبری ١٩٣٠ | فەرمانی هێرش بۆسەر باکووری ئارارات لە لایەن ساڵح پاشا بەمەبەستی لەناوبردنی کۆماری ئارارات. |
| ٢٥ | ٧ی سپتامبری ١٥٥٩ | لە سێدارە دانی میر سەیفەددین نەوەی میرەکانی سۆران لەلایەن عوسمانییەکان. |
| ٢٦ | ٧ی سپتامبری ١٩٣٠ | هەڵگیرسانی راپەرینی سێهەمی ئاگری لە باکووری کوردستانی. |
| ٢٧ | ٨ی سپتامبری ١٩٦٣ | کۆدەتای حیزبی بەعس و روخانی دەوڵەتی قاسم لە عێراق،و راگەیاندنی ئاگربەس لەگەڵ کوردان. |
| ٢٨ | ٩ی سپتامبری ١٩٦٣ | هاوپەیمانی نیزامی هاوبەشی دوو حکوومەتی عێراق و سوورییە بۆ سەرکوت کردنی شۆرشی کورد لە باشووری کوردستان. |
| ٢٩ | ٩ی سیپتامبری ١٩٨٤ | کۆچی دوایی فیلم سازی ناسراوی کورد یەلماز گونی لە شاری پاریس. |
| ٣٠ | ١٠ی سپتامبری ١٩٢٢ | یەکەم کابینەی حکوومەتی شێخ مەحموود بە سەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادر و ٧ وەزیر لەشاری سلێمانی پێک هات. |
| ٣١ | ١٠ی سپتامبری ١٨٨٠ | لە چوارچێوەی شۆرشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ناوچەکانی مەنگوریان رزگار و لەدەست هێزەکانی ئێرانی پاک کرایەوە. |
| ٣٢ | ١٠ی سپتامبری ١٩٥٩ | یەکەمین کۆنگرەی مامۆستایانی کوردستان لە هاوینە هەواری شەقڵاوی لە باشووری کوردستان. |
| ٣٣ | ١١ی سپتامبری ١٩٦١ | سەرەتای دەست پێکردنی شۆرشی نوێی گەلی کورد لە باشووری کوردستان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی کە بە شۆرشی ئەیلول ناسراوە. |
| ٣٤ | ١١ی سپتامبری ١٩٨٣ | گوڵەبارانی کردنی ٣٢ لاوی کورد لە شاری تەورێز. |
| ٣٥ | ١١ی سپتامبری ١٩٨٢ | ساڵرۆژی دامەزراندنی یەکیەتی شۆرشگێرانی کوردستان - رۆژهەڵاتی کوردستان |
| ٣٦ | ١١ی سپتامبری ٢٠٠٧ | کۆچی دوایی عوسمان رەحیمی رووناکبیر،تێکۆشەری سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی سەکتەی مێشک لە شاری کویەی باشووری کوردستان. |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٧ | ١١ی سێپتامبری ١٩٧٥ | ساڵرۆژی دامەزرانی پارتی سوسیالیستی کورد( پاسۆک) بە رابەرایەتی ئازاد مستەفا.لە شاری کەرکۆک باشووری کوردستان. |
| ٣٨ | ١٢ی سێپتامبری ١٩٩٢ | کۆچی دوایی مامۆستا رەشاد موفتی شاعیر ،زانانی ئایینی و نووسەری لێهاتوو لە شاری هەولێر. |
| ٣٩ | ١٢ی سێپتامبری ١٩٢٢ | شێخ مەحموود حەفید لە شاری سلێمانی حکوومەتی پاشایەتی بۆ کوردستان راگەیاندو خۆی کردە مەلیکی کوردستان ئەم پاشایەتی یە تا ساڵی١٩٢٤ درێژەی هەبووە. |
| ٤٠ | ١٢ی سێپتامبری ١٨٩٩ | خەڵاتی نیشانی شمشێری حکوومەتی سوئید بە شەریف پاشای خەندان کەسایەتی ناسراو و سیاسەتمەداری ناوداری کورد. |
| ٤١ | ١٢ی سێپتامبری ١٩٨٠ | کودتای نیزامی لە تورکیە و دامەزرانی حکومەتی نیزامی لە باکووری کوردستان. |
| ٤٢ | ١٢ی سێپتامبری ١٩٣٠ | چاپ و بڵاو کردنەوەی رۆژنامەی زوبان لە لایەن ساڵح قەفتان لەشاری سلێمانی. |
| ٤٣ | ١٣ی سێپتامبری ١٩٧٩ | هێرشی حکوومەتی ئێران بۆسەر شاری مەهاباد. |
| ٤٤ | ١٤ی سێپتامبری ١٨٩٩ | بەفەرمانی سوڵتان عبدالحمید پیرە مێردی شاعیر کرا بە سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەستەمبۆل. |
| ٤٥ | ١٤ی سێپتامبری ١٩٢٢ | بەشداری شێخ مەحموود مەلیکی کوردستان لەیەکەم کۆنگرەی کوردان لە باشووری کوردستان. |
| ٤٦ | ١٤ی سێپتامبری ١٩٦٩ | کۆچی دوایی شێخ جەمیل موفتی کەسایەتییەکی ناسراوو خاوەن هەڵوێست کورد. |
| ٤٧ | ١٤ی سێپتامبری ٢٠٠٥ | کۆچی دوایی ولیەم یوحەننا هونەرمەند و دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای سلێمانی لە شاری سلێمانی. |
| ٤٨ | ١٤ی سێپتامبری ٢٠١٠ | ماڵئاوایی هانیبال ئەلخاس شێوەکار، پەیکەرتاش و شاعیری ناوداری ئاشووری کرماشانی بە هۆی نەخوشی شێرپەنجە لە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئامریکا. |
| ٤٩ | ١٥ی سێپتامبری ١٩٧٥ | کۆچی دوایی ئایەت الله کوردستانی. |
| ٥٠ | ١٦ی سێپتامبری ٢٠٠٩ | ماڵئاوایی مامۆستا حەسەن سۆران نووسەر، هەڵبەستڤان،زانا و نیشتمانپەروەی کورد لە شاری تاران. |
| ٥١ | ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ | تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە برلین لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران (کارەساتی میکونوس) |
| ٥٢ | ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ | تیرۆری فەتاح عەبدولی تێکۆشەرو چالاکوانی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران لە برلین. |
| ٥٣ | ١٧ی سێپتامبری ١٩٦١ | کۆچی دوایی نووسەر مەحموود ئەحمەد لە شاری سلێمانی. |
| ٥٤ | ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ | تیرۆری هۆمایون ئەردەلان تێکۆشەری دیرینی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران لە برلین. |
| ٥٥ | ١٧ی سێپتامبری ٢٠٠٣ | سەردانی کۆڵن پاوڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و پۆڵ بریمەر دەسەڵاتداری مەدەنی ئەمریکا لە عێراق لەشاری هەڵەبجە. |
| ٥٦ | ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ | چاپ و بڵاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی پەرلەمان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە. |
| ٥٧ | ١٨ی سێپتامبری ١٩٩٦ | کۆبوونەوەی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان بۆ باس و راوێژ لەسەر بارودۆخی عێراق لە شاری پاریس. |
| ٥٨ | ١٨ی سێپتامبری ٢٠٠٣ | ماڵئاوایی شوکور مستەفا نووسەر،زمانەوان وەرگێری بە توانای کورد لەشاری هەولێر. |
| ٥٩ | ١٨ی سێپتامبری ٢٠٠٥ | کۆچی دوایی مەرزە فەریقی ژنە هونەرمەندی گۆرانیبێژ و شۆرشگێری کورد لە شاری ستۆکلهکوم لە سوئید. |
| ٦٠ | ١٩ی سێپتامبری ١٩٩١ | تیرۆری تێکۆشەری سیاسی شەهید سەعید یەزدانپەنا دامەزرێنەری یەکیەتی شۆرشگیرانی کوردستان، دواتر بۆتە پارتی ئازادی کوردستان |
| ٦١ | ١٩ی سێپتامبری ٢٠١٠ | ١٨٦ نووسەر،روشنبیر،ئاکادمسیەنی کورد و تورک بۆ چارەسەری پرسی کورد لە رێگای ئاشتیانە دا"ئەنجومەنی پیران:"یان دامەزراند. |
| ٦٢ | ١٩ی سێپتامبری ١٨٢٩ | هێزەکانی کورد بەپاڵپشتی رووسیە هێرشیان کردە سەر ناوچەی (قارس) ی دەوڵەتی عوسمانی و داگیریان کرد. |
| ٦٣ | ٢٠ی سێپتامبری ١٩٤٧ | کۆچی دوایی حوسێن حوزنی موکریانی مێژوونووس و رۆژنامەگەری لێهاتووی کورد خاوەنی چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "زاری کرمانجی"[ ٢٤ ژمارەی] گۆڤاری رووناکی گۆڤار و رۆژنامەی (دەنگی گێتی تازە). |
| ٦٤ | ٢٠ی سێپتامبری ١٩٢٣ | یەکەمین ژمارەی حەوتەنامەی ئومێدی ئیستیقلال لە شاری سلێمانی بڵاوکرایەوە، ئەم رۆژنامەیە هەتا هاوینی ساڵی(١٩٢٤ ) ٢٥ ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە |
| ٦٥ | ٢٠ی سێپتامبری ١٩٩٤ | لە باشووری کوردستان پەرستگایەکی زەردەشتی لە لایەن پسپۆڕی شوێنەوارناسی کورد عەبدولرەقیب یوسف دۆزرایەوە ، ئەم پەرستگایە لە گوندی بێ تاسێ بوو، شوێنەوارە شارستانییەکەش ئاتەشگەیەکی زەردەشتی بوو کە مێژووەکەی بۆ پێش زایین دەگەرێتەوە. |
| ٦٦ | ٢٠ی سێپتامبری ١٩٧٢ | کۆچی دوایی محەممەد عەلی مستەفا زانای بیرکار زانی کورد. |
| ٦٧ | ٢١ی سێپتامبری ٢٠٠٤ | بە مەبەستی یارمەتی بە کورد تیپی زەیتوون کۆریای باشوور گەیشتنە باشووری کوردستان. |
| ٦٨ | ٢١ی سێپتامبری ١٩٧٠ | پێک هاتنی یەکەمین کۆنگرەی یەکیەتی زانایانی ئاینی بەئامادە بوونی مستەفا بارزانی لە گوندی گەلاڵەی باشووری کوردستان. |
| ٦٩ | ٢١ی سێپتامبری ١٩٩٢ | تیرۆری موسا عەنتەر نووسەری لێهاتوو و سەرپەرشتی دەیان گۆڤار و خاوەنی چەندین کتیبی مێژوویی،ئەدەبی و فۆلکلۆری کوردی بە دەست چەند چەکداری نەناسراو لە شاری دیاربەکر لە باکووری کوردستان. |
| ٧٠ | ٢١ی سێپتامبری ١٩٤٦ | سەردانی قەدری جەمیل پاشا نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردی سوورییە لە کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد. |
| ٧١ | ٢١ی سێپتامبری ١٨٩٩ | کۆچی دوایی بەهادین عەبدوڵا هونەرمەندی چالاک و بە توانا لە شاری سلیمانی. |
| ٧٢ | ٢١ی سێپتامبری ١٩٨٠ | تیرۆری سەرگورد عەبباسی خەباتگیر و تێکۆشەری سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان ،بە دەست بەکریگیراوانی کۆماری ئیسلامیی لە شاری مەهاباد. |
| ٧٣ | ٢٢ی سێپتامبری ١٩٨٠ | هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی کەنداو لە لایەن ریژیمی سەدام حوسێن دیکتاتۆری پێشوی ئێراق لە دژی ئێران کە ماوەی هەشت ساڵی خایاند. |
| ٧٤ | ٢٢ی سێپتامبری ١٩٣٣ | کۆچی دوایی سەید ئەحمەد کوری شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجی ناسراو بە (حوسەینی) لەشاری کۆیە. |
| ٧٥ | ٢٢ی سێپتامبری ١٨٩٣ | دەست پێکردنی شەڕ لە نێوان کورد و تورک و ئەرمەن. |
| ٧٦ | ٢٣ی سێپتامبری ١٩٧٣ | کۆچی دوایی رەمەزی قەزاز مێژوونووس و ئەدیبی گەورەی و بەتوانای کورد. |

ڕەحمان نەقشی

| | | |
|---|---|---|
| ٧٧ | ٢٣ی سپتامبری ١٨٨٠ | رزگار و ئازاد کردنی شاری ورمێ لە لایەن شێخ عوبەیدوڵلای نەهری. |
| ٧٨ | ٢٣ی سپتامبری ١٩٢٥ | کۆمەڵەی گەلان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد نامەیەکی ئاراستەی دادگای نێودەوڵەتی کرد. |
| ٧٩ | ٢٣ی سپتامبری ١٩٧٥ | کۆچی دوایی مەلا مستەفا ناسراو بە (عاسی) شاعیری گەورەی کورد لە شاری کۆیە. |
| ٨٠ | ٢٤ی سپتامبری ١٩٨٠ | ماڵئاوایی مەلا ئەحمەدی تورجانی زادە، لە شاری تەورێز مامۆستا لە کۆلێژی زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی تەورێز، و هاوکاریی ڕۆژنامەی «کورد». |
| ٨١ | ٢٤ی سپتامبری ١٩٦٨ | ڕژێمی بەعس بەفەرمی جێژنی نەورۆزی ناسی و ئەو ڕۆژەی بەپشووی فەرمی لە باشووری کوردستان راگەیاند. |
| ٨٢ | ٢٥ی سپتامبری ١٩٠٨ | دامەرزرانی کۆمەڵەی بەرزی پێشکەوتنی کورد ، ئەو کۆمەڵەیە لەلایەن کۆمەڵێک لە کەسایەتی رۆشنبیرو سیاسەتمەدارو ڕۆژنامەنووس و ئەفسەرانی بەرزی کوردەوە لە شاری ئەستەمبوڵ. |
| ٨٣ | ٢٦ی سپتامبری ١٩٣٠ | شەهید کردنی سمایل خانی شکاک (سمکۆ) بە پیلانی فەرماندەی هێزی شنۆ سەرهەنگ سادق خانی لە کاتی وتووێژکردندا لە شاری شنۆ. |
| ٨٤ | ٢٦ی سپتامبری ١٩٢٥ | لە سێدارە دانی باهۆس ماکار ئەسکەندەریان بەدەست دەسەلاتدارنی دەوڵەتی تورکیا،باهۆس پاشا سەرکردەی بزافی رزگاریخوازی ئەرمەنەکان بوو یەکێک بووە لە هاوکارە مەزنەکانی شێخ سەعیدی پیران و شۆڕشەکەی، |
| ٨٥ | ٢٦ی سپتامبری ١٩٤٥ | پێک هاتنی کۆنگرەی فەرهەنگی ئەدەبی کوردی لە شاری مەهاباد لە رۆژهەلاتی کوردستان. |
| ٨٦ | ٢٦ی سپتامبری ١٩٩٥ | کۆنگرەی جیهانی سێهەم دەربارەی زانای کورد و ئیسلام سەعیدی نەوروسی. |
| ٨٧ | ٢٦ی سپتامبری ١٩٩٦ | پەرلەمانی کوردستان متمانەی بە کابینەی سێهەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی رۆژ نوری شاوەیس. |
| ٨٨ | ٢٧ی سپتامبری ١٩٨٦ | دەستی پێکردنی کۆنگرەی یەکەمی رۆشنبیری کوردی لە شاری مەهاباد. |
| ٨٩ | ٢٨ی سپتامبری ١٩٨٥ | کۆچی دوایی حەسەن قزلجی چیرۆکنووس،رۆژنامەنووس و خەباتگێری کورد لە شاری تاران. |
| ٩٠ | ٢٨ی سپتامبری ١٩٢٤ | کۆچی دوایی عادیلە خانمی یەکێکە لە ئافرەتە ناودارەکانی کوردستان،و ژنی وەسمان پاشای جاف، کچی عەبدولقادر بەگی ساحێبقرانە شاری هەڵەبجە. |
| ٩١ | ٢٨ی سپتامبری ١٩٦٣ | رادیۆی دەنگی کوردستان دەستی بەبڵاو کردنەوەی ئاسایی خۆی لە شاخەکانی کوردستان کرد. |
| ٩٢ | ٢٨ی سپتامبری ١٩٩٣ | تیرۆری غەفوور هەمزەیی چالاکوانی سیاسی دێرینی رۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری بەغدا لە عێراق. |
| ٩٣ | ٢٨ی سپتامبری ١٩٩٣ | شەهید بوونی عەبدوڵلا شەریفی رووناکبیر و تێکۆشەری سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی گەورکی مەهاباد لە کەمینی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی. |
| ٩٤ | ٢٩ی سپتامبری ١٩٧١ | هەولی تیرۆر کردنی مەلا مستەفا بارزانی لە لایەن دەزگای ئەمنی عێراق لە حاجی ئۆمەران بەتەقاندنەوەی چەند زانایەکی ئایینی . |
| ٩٥ | ٢٩ی سپتامبری ١٩٨٨ | هێرشی شیمیای ڕێژیمی عێراق بۆ سەر بەرواری باڵا و گەلی بازێ. |
| ٩٦ | ٢٩ی سپتامبری ٢٠٠٧ | گەورەترین خەڵاتی کولتووری فەرانسە بەناوی لێژیون دۆنور دەرابە هونەرمەندی گەورەی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان شەهرام نازری. |
| ٩٧ | ٢٩ی سپتامبری ٢٠١٠ | پێنج کاندیدی کوردی نێشتەجی سوئید لە هەڵبژاردنەکانی سوئید بۆ پارڵەمانی ئەم وڵاتە هەڵبژێردران. |
| ٩٨ | ٢٩ی سپتامبری ١٩٨٨ | چاپ و بڵاو کردنەوەی یەکەم گۆڤاری بەرەی کوردستانی باشووری کوردستان. |
| ٩٩ | ٣٠ی سپتامبری ١٩٩٢ | قەدەغەکردنی ناوی کوردی لە لایەن حکوومەتی دیکتاتوری سوورییە. |

خوێنەری بەرێز: بە داوای لێبووردن لە ژمارە دووهەم ئەو هەڵەی تێدا بوو کە راست دەکرێنەوە:

١- ٢٨- ٥ی مای ١٩٦٨ شەهید بوونی تێکۆشەرو چالاکوانی سیاسی سمائل موعینی بە دەست ڕێژیمی پەهلەوی ئێران. هەڵەیە راستیەکە:

| | | |
|---|---|---|
| ٢٨ | ١٥ی مای ١٩٦٨ | شەهید بوونی تێکۆشەرو چالاکوانی سیاسی سولەیمان موعینی (فایق) بە دەست سەرکردایەتی شۆرشی کوردستانی عێراق لە دیلمان. |



# رۆژمێری مێژووی کوردستان

ڕەحمان نەقشی

# رۆژژمێری مێژووی کوردستان

بەشی چوارەم و کۆتایی

ئامادە کردنی : رەحمان نەقشی

| | | October - ئۆکتۆبر |
|---|---|---|
| ١ | ١ی ئۆکتۆبری ١٩٠٨ | راپەرینی بارزانیەکان بە سەرکردایەتی شێخ عەبدوولسەلام بارزانی لە دژی دەوڵەتی عوسمانی، |
| ٢ | ١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٠ | کۆچی دوایی هونەرمەندی پێشمەرگە محەممەدجەزا خاوەنی کۆمەڵێک گورانی و سروودی شۆرشگێر،بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجە لە شاری سلێمانی. |
| ٣ | ١ی ئۆکتۆبری ١٩٩٢ | ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان یاسای وەزارەتی پێشمەرگەی پەسند کرد. |
| ٤ | ١ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٥ | نەتەوە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی فەرمی پێوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست پێکرد. |
| ٥ | ٢ی ئۆکتۆبری ١٨٨٠ | گرتنی شاری میاندواب و دەڤەرەکە لەلایەن لەشکری کورد. |
| ٦ | ٢ی ئۆکتۆبری ١٩٠٨ | دامەزرانی کۆمەڵەی تەعاون و تەرەقی کورد لەلایەن ئەمین عالی بەدرخان، شەریف پاشا، شێخ عبدولقادری شەمزینی، داماد ئەحمد و زولکەفل پاشالە شاری ئەستەمبوڵ. |
| ٧ | ٢ی ئۆکتۆبری ١٩٩٣ | پەرلەمانی کوردستان لە بریاری ژمارە ١٦ کە لە ٢٨خاڵ پێکهاتبوو هەڵگرتنی چەکی،لە هەرێمی کوردستان پەسند کرد. |
| ٨ | ٢ی ئۆکتۆبری ١٩٤٣ | دەستی پێکردنی شۆڕشی جەماوەری کە بەشۆڕشی دووەمی بارزان ناودێر کراوە بەسەرۆکایەتی نەمر مستەفا بارزانی. |
| ٩ | ٢ی ئۆکتۆبری ١٩٨٥ | لەسێدارە دانی شەهید تەها حەق تەڵەب چالاکوانی سیاسی و رووناکبیرێکی پێگەیشتوو و خەباتگێر.لە بەندیخانەی ئەوین لە تاران. |
| ١٠ | ٣ی ئۆکتۆبری ١٩٥٨ | کۆچی دوایی ئەدیبی کورد ئەبو زێد مستەفا سندی. |
| ١١ | ٣ی ئۆکتۆبری ١٩٧١ | کۆنگرەی یەکەمی یەکیەتی قوتابیانی کورد و دامەزراندنی ئەو رێکخراوەیە لە لوبنان. |
| ١٢ | ٣ی ئۆکتۆبری ١٩٩٠ | کورد بە ٣٠٠ کتێب بەشداری لە پێشانگای جیهانی کتێبدا کرد لەشاری فرانکفۆرت لە ئەڵمانیا. |
| ١٣ | ٣ی ئۆکتۆبری ١٩٣٤ | بۆمبارانی شاری سلێمانی لە لایەن هێزەکانی بریتانیا. |
| ١٤ | ٣ی ئۆکتۆبری ١٩٣٢ | سەرهەڵدانی باشوری کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەد بارزانی برای مەلا مستەفا. |
| ١٥ | ٤ی ئۆکتۆبری ١٩٩٢ | پەرلەمانی کوردستان لە بریاری ژمارە ٢٢ کەلە ٣٠ خاڵ پێک هاتبوو شێوازی حوکمی فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق پەسندکرد. |
| ١٦ | ٤ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٢ | پەرلەمانی کوردستان بەبەشداری هەرسێ فراکسێۆنی پارلەمان کۆبونەوەیەکی چارەنوس سازی بۆ یەکخستنەوەی ناوماڵی کورد پێک هێنا، پاش ئەوەی لە مای ١٩٩٤بەهۆی شەڕی ناوخۆ پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی دوولەت کردبوو، |
| ١٧ | ٤ی ئۆکتۆبری ١٩١٤ | لە سێدارە دانی شێخ عەبدوولسەلامی بارزانی پاش ئەوەی بە شێوەیەکی خیانەتکارانە دەست گیرکرا لە لایەن عوسمانییەکان لە شاری موسڵ. |
| ١٨ | ٤ی ئۆکتۆبری ١٩٧٨ | کۆچی دوایی کامران بەدەرخان نووسەر، پسپۆری زمانی کوردی و مامۆستا لە زانکوی سۆربۆن لە پاریس. |
| ١٩ | ٤ی ئۆکتۆبری ١٩٩٦ | تیرۆری کاوە عەلی(دوکتور سیروان)یەکەم سکرتێری یەکیەتی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان،لەباشووری کوردستان. |
| ٢٠ | ٥ی ئۆکتۆبری ١٩٢٧ | دامەزرانی کۆمەڵەی خۆیبوون ئەو کۆمەڵەیە لە شۆڕشی ئاگری داغ و لە مێژووی سیاسی و رۆشنبیری کوردا پێگەیەکی دیارو گرنگی پەیدا کرد، |
| ٢١ | ٥ی ئۆکتۆبری ١٩٧١ | یەکەم قوتابخانەی کوردی لەشاری موسڵ کرایەوە کەناوی نەبی یونس بوو. |
| ٢٢ | ٥ی ئۆکتۆبری ١٩٧٩ | پێک هاتنی کۆنگرەی شەشەمی یەکیەتی نووسەرانی کورد لەشاری بەغدا. |
| ٢٣ | ٦ی ئۆکتۆبری ١٩٧٩ | پێک هاتنی کۆنگرەی شەشەمی ئەدیبانی کورد. |
| ٢٤ | ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٢ | دامەزرانی رێکخراوی گەشە پێدانی دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ(D.H.R.D)لە هەریمی کوردستان. |
| ٢٥ | ٦ی ئۆکتۆبری١٩٩٣ | هێنانەوەی تەرمی مەلا مستەفا بارزانی و ئیدریس بارزانیلە ئێرانەوە بۆ کوردستان . وپێشوازی بێ وێنە کۆمەڵانی خەڵک. |
| ٢٦ | ٦ی ئۆکتۆبری ١٩٧٩ | ساڵرۆژی دامەزرانی سپای رزگاری کوردستانی ئێران |
| ٢٧ | ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٠١ | ماڵئاوایی کەریم حیسامی نووسەر،وەرگێر وچالاکوانی سیاسی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری رۆژهەڵاتی کوردستان لە سوئید. |
| ٢٨ | ٧ی ئۆکتۆبری ١٩٢١ | سمکۆ خانی شکاک بەخۆیی سوپاکەیەوە پەلاماری شاری مەهاباد دەدات و لەکاتێکی کەمدا سوپای ئێران تێکدەشکێنێت و (٤٠٠) سەرباز بەدیل گرت. |
| ٢٩ | ٩ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی محەممەد عارف دامەزرێنەری کۆلێژی هونەرجوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین و مامۆستای شێوەکار،و ئەندامی کۆمەڵەی هونەرمەندان،لە هەوڵێر. |
| ٣٠ | ٩ی ئۆکتۆبری ١٩٩٠ | کۆچی دوایی کاکەی فەلاح شاعیری خەبات و راپەرێن رۆژنامە نووسی لێهاتوو لە شاری سلێمانی. |
| ٣١ | ٩ی ئۆکتۆبری ١٩٥٦ | کۆچی دوایی شێخ مەحموود حەفید شۆرشگێرو پاشای کوردستان لە شاری بەغدا.لە مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی بە خاکی کوردستان سپێردرا، |
| ٣٢ | ٩ی ئۆکتۆبری ١٩٩١ | پێک هاتنی کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان. |
| ٣٣ | ١٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩٠ | کۆچی دوایی نەسرین شێروانی هونەرمەندی کورد. |
| ٣٤ | ١٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩٤ | ماڵئاوایی عوسمان سەبری(ئاپۆ عوسمان) یەکێک لە دامەزرێنەرانی پارتی دێموکراتی کورد لە سووریە و نووسەری گۆڤاری هاوار بە پیتی لاتینی لە شاری دیمشق. |
| ٣٥ | ١٠ی ئۆکتۆبری ١٩٩٣ | ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان بریاری ژمارە ١٧ کە لە ٢٣ ماددە پێک هاتبوو لەسەر یاسای دامەزرانی حیزب و رێکخراوە لە هەرێمی کوردستان دا، |
| ٣٦ | ١١ - ئۆکتۆبری ١٩٧٥ | کۆچی دوایی محەممەد مەردۆخی زانای بەناوبانگی کورد. |

رەحمان نەقشی

| | | |
|---|---|---|
| ٣٧ | ١١- ئۆكتوبرى ٢٠٠٧ | كۆچى دوايى محەممەد ئوزون نووسەرى بە توانای باكووری كوردستان لە شاری دیاربەكر. |
| ٣٨ | ١١ى ئۆكتۆبرى ٢٠١٠ | بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حكوومی، میوانانی دەرەكی و پێشوازی ژمارەیەكی بەرچاو لە جەماوەری شاری هەلەبجە لە ڕێورەسمێكی شكۆدار پەردە لە سەر پەیكەری "مەولەوی" شاعیری ناوداری كورد هەڵدرایەوە. |
| ٣٩ | ١٢ى ئۆكتوبرى ١٩٤٣ | كۆچى دوایی مەلای گەورەی كۆیە زانا لە بوارەكانی تەفسیر،زانستی ئەووسۆل،فیقهی ئیسلامی وچیرۆك و هونراوەی كوردی لە شاری كۆیە. |
| ٤٠ | ١٢ى ئۆكتوبرى ١٩٩٧ | كۆچى دوایی شاعیری كورد خاتوو خورشدە بابان. |
| ٤١ | ١٢ى ئۆكتوبرى ١٩٩٧ | چاپ وبڵاوكردنەوە ڕۆژنامەی وەرزشی برایەتی لەشاری هەولێر. |
| ٤٢ | ١٢ى ئۆكتۆبرى ١٨٨٣ | شێخ عوبەیدوڵای نەهری سەركردەی شۆڕشی ساڵی ١٨٨٠ ی كوردستان،لە شاری مەدینە كۆچی دوایی كرد ، |
| ٤٣ | ١٣ى ئۆكتۆبرى ١٩٥١ | كۆچى دوایی جەمیل سائیب چیرۆك نووسیی ناسراوی كورد و سەرنووسەری ڕۆژنامەی ژین لەنەخۆشخانە لە شاری بەغدا. |
| ٤٤ | ١٤ى ئۆكتۆبرى ١٩٨٩ | پێك هاتنی كۆنگرەیەكی نێونەتەوەیی بۆ بەرگریكردن لە مەسەلەی كورد لە پاریس پایتەختی فەرانسە. |
| ٤٥ | ١٤ى ئۆكتۆبرى ١٩٢٧ | یەكەمین بیری نەوت لە بابەگوڕگوڕی نزیك شاری كەركوك دۆزرایەوە،ئەوەش سەرەتایەك بوو بۆ دامەزراندنی كۆمپانیایەكی گەورەی دەرهێنانی نەوت لە كوردستان |
| ٤٦ | ١٥ى ئۆكتۆبرى ١٩٠٩ | بڵاوكردنەوە ژمارەی یەكی گۆڤاری مەشروتیەت بەزمانی كوردی لەشاری پاریس لەلایەن شەریف پاشا. |
| ٤٧ | ١٥ى ئۆكتۆبرى ٢٠٠٥ | بەڕێوەچوونی ڕاپرسی و پەسەند كردنی یاسای بنەرەتی و سیستمی فیدراڵی لە عێراق. |
| ٤٨ | ١٥ى ئۆكتۆبرى ١٩٩١ | پێكهاتنی كۆنگرەیەكی دیرۆكی و گرنگی نووسەرانی كورد لە هاوینەهەواری شەقلاوەدا، |
| ٤٩ | ١٦ى ئۆكتوبرى ١٩٢٥ | ڕاپرسیی لە كوردستان بەچاوە دیری لیژنەیەكی نێودەوڵەتی ،لەو ڕاپرسی یەدا دەنگ بە سەربەخۆیی درا.بەلام ئەم ئەنجامە لەبەرژەوەندی ولاتانی هاوپەیماندا نەبوو، هەربۆیە ئینگلیزەكان لەدژی وەستان و باشووری كوردستانیان بە دەوڵەتە تازە دروست كراوەكەی عێراقەوە لكاند، |
| ٥٠ | ١٧ى ئۆكتۆبرى ١٩٢٥ | ڕێكخراوی كۆمەڵەی گەلان لە بڕیارێكی نوێیدا، داوای لە حكوومەتی بەریتانیا كرد، ئیدارەیەكی كوردی لە ناوچەكانی كوردستانی عێراقدا دامەزرێنێ ، |
| ٥١ | ١٧ى ئۆكتوبرى ١٩٩٤ | كۆچى دوایی ڕەسووڵ گەردی(ڕەسوڵ ئیبراهیم سوڵتانە)هونەرمەندی حەیرانبێژ و مەقامی ڕەسەنی كورد لە شاری هەولێر. |
| ٥٢ | ١٧ى ئۆكتوبرى ٢٠٠٤ | ماڵئاوایی پیربال مەحموود ئیبراهیم شاعیرو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەكیەتی نووسەرانی كورد لقی هەولێر. |
| ٥٣ | ١٨ى ئۆكتوبرى ١٩٢٢ | دامەزرانی یەكەمین كۆمەڵی شارەوانی كورد لە لایەن شێخ مەحموودەوە. |
| ٥٤ | ١٨ى ئۆكتوبرى ٢٠١٠ | كۆچى دوایی ئیسماعیل عومەر سكرتێری پارتی یەكیەتیی دیموكراتی كورد لە سووریە بەهۆی سەكتەی مێشكەوە،لە شاری قامیشلۆو لە ڕۆژئاوای كوردستان |
| ٥٥ | ١٨ى ئۆكتوبرى ١٩٥٧ | گیان لەدەست چل كەس،و زیان و زەرەری گەورە بە موڵك وماڵی هاولاتیان بە هۆی لافاوێكی گەورە كە لە شاری سلێمانیدا ڕوویدا، |
| ٥٦ | ١٨ى ئۆكتوبرى ٢٠٠٣ | دەست پێ كردنەوە خوێندن بەزمانی كوردی لە شاری كەركوك. چۆنكە ماوەی ٢٩ ساڵ بوو، كورد ، خوێندنی بە زمانی كوردی لێ قەدەغەكرابوو، |
| ٥٧ | ١٨ى ئۆكتوبرى ١٩٩٤ | بۆیەكەم جار كچە كوردێك لەوولاتی سوئید بووە ئەندامی پەرلەمانی ئەو وولاتە. |
| ٥٨ | ١٩ى ئۆكتوبرى ١٩٩٨ | كردنەوەی مەڵبەندی كوردستان بۆ تۆری كۆمپیوتەر (kurdnet) لەهەولێر. |
| ٥٩ | ٢٠ى ئۆكتۆبرى ١٩٩٧ | تەحویل دانەوەی ٧ تێكۆشەری حیزب دێموكراتی كوردستان لە لایەن بزوتنەوەی ئیسلامیی كوردستانی عێراق بە سەرانی دژی گەلی كۆماری ئیسلامیی ئێران |
| ٦٠ | ٢٠ى ئۆكتوبرى ١٩٩١ | هەڵبژاردنی لەیلا زانا ژنە كوردی شار دیابەكر وەك یەكەم ئەندام پارڵەمانی توركیە. |
| ٦١ | ٢٠ى سیپتامبرى ١٩٨٧ | كۆچى دوایی مامۆستا تاهیر توفیق هونەرمەندی ناودار،و گۆرانێبیژی مەقامی كوردی. |
| ٦٢ | ٢٢ى ئۆكتوبرى ١٩٨٤ | كۆچى دوایی جگەرخوین(شێخ مووس) شاعیری لێهاتوو و نیشتمانپەروەری كورد لە سوئید. |
| ٦٣ | ٢٢ى ئۆكتوبرى ١٩٩٨ | وەرگرتنی هەردوو زانكۆی دهۆك و سلێمانی لەیەكیەتی زانكۆكانی جیهانی. |
| ٦٤ | ٢٢ى ئۆكتوبرى ١٩٢٦ | مۆركردنی پەیماننامەی دۆستایەتی و هاریكاری لەنێوان ئێران و توركیە بۆ سەركوتكردنی شۆڕشەكانی كورد. |
| ٦٥ | ٢٢ى ئۆكتوبرى ١٩٦٣ | دەوڵەتی عێراق و سووریە لەشاری زاخۆ لەبارەی لەناوبردنی شۆڕشی كورد كۆبوونەوەو سووریە ٣ هەزار سەربازی خستە پاڵ سپای عێراق. |
| ٦٦ | ٢٢ى ئۆكتوبرى ١٩٦٨ | دامەزراندنی زانكۆی سلێمانی. |
| ٦٧ | ٢٢ى ئۆكتوبرى ١٩٧٠ | چاپ و بڵاوبوونەوەی یەكەمین ژمارەی گۆڤاری زانیاری بەزمانی كورد ی لەشاری بەغدا. |
| ٦٨ | ٢٢ى ئۆكتوبرى ١٩٨٧ | كۆچى دوایی زانای زمانەوانی كورد د.كامیل حەسەن بەسیر. |
| ٦٩ | ٢٣ى ئۆكتوبرى ١٩٢٢ | دژایەتی بەرەی كورد بەرێبەرایەتی شێخ مەحمودی حەفید بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق. |
| ٧٠ | ٢٣ى ئۆكتوبرى ١٩٩١ | ڕیژیمی بەعسی عێراق تەواوی دام و دەزگا دەوڵەتی خۆی لەناوچەكانی هەرێمی كوردستان كێشایەوە. |
| ٧١ | ٢٣ى ئۆكتوبرى ١٩٩٦ | دامەزراندنی بزووتنەوەی میللی كوردستان لەلایەن عەبدولخالیق زەنگەنە. |
| ٧٢ | ٢٤ى ئۆكتوبرى ١٩٣٥ | بڵاوكردنەوەی یەكەمین گۆڤاری ڕۆناكی لەشاری هەولێر. |
| ٧٣ | ٢٤ى ئۆكتوبرى ١٩٧٦ | كۆچى دوایی ئەحمەد موختار بابان لەشاری بۆن لەولاتی ئەڵمان . |
| ٧٤ | ٢٤ى ئۆكتوبرى ١٩٩٨ | كۆچى دوایی كەمال ئەسعەد چەرمەگا شاعیری كورد لەشاری هەولێر. |
| ٧٥ | ٢٥ى ئۆكتوبرى ١٩٢٢ | بۆیەكەمین جار هەردوو وولاتی ئێران و توركیە پەیمان دەبەستن بۆ لەناوبردنی سمكۆی شكاك. |
| ٧٦ | ٢٥ى ئۆكتوبرى ١٩٩٨ | كۆچى دوایی سەبری بۆتانی شاعیری خەباتگێری كورد لە نورۆیژ. |
| ٧٧ | ٢٥ى ئۆكتۆبەرى ٢٠١٠ | پەردە لەسەر پەیكەری "نووسەرێك لە قەڵەم" بە دەست هونەرمەندی پەیكەرساز زیرەك میرە لە بەردەم دەروازەی كتێبخانەی گشتیی شاری سلێمانی لادرا. |
| ٧٨ | ٢٦ى ئۆكتۆبرى ٢٠١٠ | كۆچى دوایی پرۆفیسۆر دوكتور مارف خەزنەدار نووسەر و ڕووناكبیری گەورەی كورد لە شاری هەولێر. |
| ٧٩ | ٢٦ى ئۆكتۆبرى ٢٠١٠ | دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق سزای لە سێدارەدانی بە سەر تاریق عەزێرو سێ كەس لە بەرپرسانی ڕیژیمی پێشووی عێراق سەپاند. |
| ٨٠ | ٢٦ى ئۆكتوبرى ١٩٦٦ | عەبدولڕەحمان عارف سەرۆكی ئەوكاتی عێراق سەردانی كوردستان دەكات و چاوی دەكەوێت بە مەلا مستەفا بارزانی. |
| ٨١ | ٢٧ى ئۆكتوبرى ١٩٢٠ | هەڵگیرسانی شۆڕشەكەی ئیبراهیم خانی دەلۆ. |
| ٨٢ | ٢٧ى ئۆكتوبرى ١٩٩٣ | ساڵرۆژی دامەزراندنی پارتی كاری سەربەخۆ بەرێبەرایەتی وریا سەعید. |
| ٨٣ | ٢٧ى ئۆكتوبرى ١٩٤٥ | كۆچى دوایی زانای گەورەی كورد محەممەد موفتی. |

| | | |
|---|---|---|
| ٨٤ | ٢٧ی ئۆکتوبری ١٩٩٢ | کۆچی دوایی عەبدولمەجید لوتفی نووسەری چیرۆک نووسی گەوەرەی کورد لە شاری بەغدا. |
| ٨٥ | ٢٧ی ئۆکتوبری ١٩٨٠ | شەهید کردنی ٥٣ کوردی بیدیفاعی گوندەکانی ئیندرقاش،وسووکەند و خانەقی بەدەست کۆماری ئیسلامی ئێران لە نزیک شاری مەهاباد. |
| ٨٦ | ٢٨ی ئۆکتوبری ١٩٩٠ | کۆچی دوایی محەممەد سالح دیلان شاعیری نوێکار و مەقامزانی کورد. |
| ٨٧ | ٢٨ی ئۆکتوبری ١٩٢٧ | هەڵگیرسانی شۆرشی ئاگری داخ لەلایەن ئیحسان نوری پاشا. |
| ٨٨ | ٢٩ی ئۆکیوبری ٢٠٠٦ | کۆچی دوایی ئەحمەد هەردی شاعیرو چالاکی سیاسی و سکرتێری پارتی سوسیالیستی کورد (پاسۆک)لە شاری سلیمانی باشووری کوردستان. |
| ٨٩ | ٢٩ی ئۆکتۆبری ١٩٢٣ | مستەفا کەمال جمهوری تورکیە راگەتاند.لە دەسپێکدا ٧٥ کورد بۆ نوێنەرایەتیی پارلەمانی کۆمار دیاری دەکرێن و قسە لەجمهوری تورک و کورد دەکردرێ. |
| ٩٠ | ٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٨ | بەرێوەچوونی سێهەمین کۆریادی بەیت و حەیرانی کوردی بەبەشداری هونەرمەندانی ١٢ پارێزگای ئێران لە شاری سەردەشت. |
| ٩١ | ٢٩ی ئۆکتۆبری ١٩٨٧ | کۆچی دوایی دوکتور جەعفەر شەفیعی چالاکوان و تێکۆشەری سیاسی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٩٢ | ٣٠ی ئۆکتۆبری ١٩٧١ | کۆچی دوایی د.تاهیر بەهجەتی نووسەری بە توانای کورد). |
| ٩٣ | ٣٠ی ئۆکتۆبری ١٩٨٣ | بە هۆی ڕووداني بۆمەلەرزە لە ئەرزنجان باکووری کوردستان. ١.٣٣١ کوشتە و هەزاران بریندارى لێ دەکەوێتەوە |
| ٩٤ | ٣١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٠ | کۆچی دوایی فەتانە وەلیدی ژنە گۆرانیبێژی بەناوبانگ و ڕچە شکێنی کورد و یەکێک لە یەکەمین ژنانی گۆرانی بێژی کورد بوو کە لە تەمەنی کورتی هونەریدا توانی ڕۆڵێکی مێژوویی لە هونەری مۆسیقای کوردیدا ببینێ.لە شاری سنە |
| ٩٥ | ٣١ی ئۆکتۆبری ١٩٨٦ | شەهید کردنی عەبدولحەکیم رەزایی چالاکوان و تێکۆشەری سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان. لە شەرێکی قارەمانانە لە ناوچەی سەرشیوی سەقز. |
| ٩٦ | ٣١ی ئۆکتۆبری ١٩٩٢ | کردنەوەی زانکۆی دهۆک بەشێوەیەکی فەرمی. |
| ٩٧ | ٣١ی ئۆکتۆبری ١٩٨٥ | کۆچی دوایی قەناتی کوردۆ مێژوو ناسی مەزنی کورد لە یەکیەتی سۆڤیەتی پیشوو. |

## November - نوامبر

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ١ی نوامبری ٢٠٠٩ | دامەزرانی کانالی ئاسمانی کۆرەک تی ڤی لە باشووری کوردستان. |
| ٢ | ١ی نوامبری ٢٠١٠ | یەکەمین کۆنگرەی ئەنجوومەنی ژنانی پارتی ئاشتی و دێموکراسی(BDP)گەورەترین گۆنگرە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان. |
| ٣ | ٢ی نوامبری ١٩٨٦ | کۆچی دوایی ناسیح حەیدەری شاعیری لێهاتووی کورد لەشاری هەولێر. |
| ٤ | ٢ی نوامبری ١٩٥١ | بەشدار رەوشەن بەدرخان کەسایەتی تێکۆشەر لەکۆنگرەی ئەسینا، کە دژی ئیمپریالیزم ڕێکخرابوو. |
| ٥ | ٢ی نوامبری ١٩٩٣ | کۆچی دوایی عومەر عەبدولرەحیم نووسەری بە توانای چیرۆکی منداڵان. |
| ٦ | ٢ی نوامبری ٢٠١٠ | کۆچی دوایی حاجی دەهام میرۆ تێکۆشەر سیاسی و سکرتێری پێشووی پارتی دێموکراتی کورد لە سورییە(پارتی). |
| ٧ | ٢ی نوامبری ٢٠١٠ | چل و هەشت کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کوردی ژێر دەسەڵاتی وڵاتی سورییە رەوانەی دادگای نیزامی ئەم وڵاتە کران. |
| ٨ | ٣ی نوامبری ٢٠١٠ | بەرێوە چوونی فیستێڤاڵی کلتووری گەلان بەبەشداری ١٥ وڵات و چەندین گرۆپی کوردستانی و عێراقی لە شاری کەلار لە باشووری کوردستان. |
| ٩ | ٣ی نوامبری ٢٠١٠ | دامەزرانی فیدراسیونی زیندانیانی سیاسی کوردستان بەبەشداری نزیکەی ٦٠٠ زیندانی سیاسی و کەسایەتی چالاک لە بواری مافەکانی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە شاری کەرکووک. |
| ١٠ | ٣ی نوامبری ٢٠٠٧ | دامەزرانی کۆمەڵگای یەکگرتووی کوردەکانی ئێران لە بریتانیا. |
| ١١ | ٣ی نوامبری ١٩٦٨ | کۆچی دوایی نەجمەددین مەلا رەسول شاعیری کورد ناسراو بە (ئاری). |
| ١٢ | ٤ی نوامبری ١٩١٣ | کردنەوەی یەکەم قوتابخانەی کوردی لەشاری وان، باکووری کوردستان. |
| ١٣ | ٤ی نوامبری ١٩٩٧ | کۆچی دوایی خدر عەبباسیی(مەلاخدر) تێکۆشەری سیاسی بەرپرسی یەکەمی ڕێکخراوی خەباتی کوردستانی ئێران لە ئۆسلۆی نۆروێژ. |
| ١٤ | ٤ی نوامبری ١٩٨٠ | هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی پەلاماری درندانەی گوندەکانی ئیندرقاش و وسووکەدییان دا و ٥٢ کەسیان لەژن و منداڵ و پیرو لاو شەهید کرد. |
| ١٥ | ٥ی نوامبری ٢٠٠٦ | دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق سزای لە سێدارەدانی سەدام حوسێن و هەندی لە تاوانبارانی تری بەعسی دا سەپاند. |
| ١٦ | ٥ی نوامبری ١٩٨٤ | کۆچی دوایی مامۆستا تاهیر سادەق نووسەری لێهاتوو و دانەری پەرتووکی "ڕێنووس"ی زمانی کوردی لە شاری سلێمانی. |
| ١٧ | ٥ی نوامبری ٢٠١٠ | دامەزرانی ڕێکخراوی زاگرۆس ناوەند بۆ دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە لایەن ژمارەیەک لە کوردەکانی رۆژهەڵات لە سویس. |
| ١٨ | ٧ی نوامبری ٢٠١٠ | کۆچی دوایی بەختیار سیا مەنسووری هونەرمەندی دەرهێنەری بە توانای کورد لە وڵاتی ئاڵمان.لەشاری هەولێر بە خاک سپێردرا. |
| ١٩ | ٨ی نوامبری ١٩٨٦ | کۆچی دوایی شەماڵ جەلال سائیب گۆرانیبێژی نوێکەرەوەی هونەری گۆرانی کوردی لە شاری هەولێر. |
| ٢٠ | ٨ی نوامبری ١٩٩٤ | ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی ویفاقی دێموکراتی کوردستانی سوورییە. |
| ٢١ | ٩ی نوامبری ٢٠٠٥ | دامەزرانی پارتی کۆمەڵکای دێموکراتیک (DTP) لە باکووری کوردستان. |
| ٢٢ | ٩ی نوامبری ١٩٠٨ | چاپ و بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کورد لەشاری ئەستەمبۆڵ لەلایەن تۆفیق وەهبی. |
| ٢٣ | ١٠ی نوامبری ١٨٨٠ | هێزەکانی کورد لەقۆڵی موکریان بەسەرکردایەتی شێخ عەبدولقادر و هەمزە ئاغای مەنگور لەشەر لەگەڵ دوژمن بەتێکشکاوی بەرەو شنۆ و مەرگەوەر پاشەکشەیان پێکردن. |
| ٢٤ | ١٠ی نوامبری ٢٠٠٩ | بەرێوە چوونی سێزدەهەمین فیستێڤاڵی گەلاوێژ بەبەشداری کەسایەتی بەناوبانگ و رووشنبیرو هونەرمەند لە شاری سلێمانی. |
| ٢٥ | ١٠ی نوامبری ١٩٤٨ | کۆچی دوایی زێوەر (عەبدوڵا کوڕی محەممەد ئەفەندییە)، مامۆستای قوتابخانەی زانستی، نیشتمانپەروەر و شاعیری کورد لە شاری سلێمانی. |
| ٢٦ | ١٠ی نوامبری ٢٠١٠ | بەرێوەچوونی ١٤هەمین فیستێڤاڵی گەلاوێژ بەناوی نووسەری ناوداری کورد پرۆفیسۆر دوکتور مارف خەزنەدار لەشاری سلێمانی |
| ٢٧ | ١١ی نوامبری ٢٠١٠ | کۆچی داویی سامی شۆرش نووسەر و رۆژنامەنووس و ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کورد لە عێراق لە شاری هەولێر. |
| ٢٨ | ١١ی نوامبری ٢٠١٠ | جەلال تالەبانی لە لایەن پارلەمانی نیشتمانی عێراق بۆ دووهەمین جار بە سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ هەڵبژێردرا. |
| ٢٩ | ١٢ی نوامبری ١٩٣٦ | کۆچی دوایی ئەحمەد فەتاح بەگ ساحێب قران ناسراو بە(حەمدی )یەکێک لەشاعیرە هەرە بەناوبانگەکانی گەلی کورد . |
| ٣٠ | ١٥ی نوامبری ٢٠١٠ | بەرێوەچوونی پێنجەمین کۆریادی بەیت و حەیرانی کوردی بەبەشداری هونەرمەندانی ١٤ پارێزگای ئێران لە شاری سەردەشت. |

ڕەحمان نەقشی

| | | |
|---|---|---|
| ٣١ | ١٥ی نوامبری ٢٠١٠ | سالار کەمانگەر کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان بوو بە بەرپرسی گشتی ماڵپەری یۆتۆب(youtube)و ناوی لەرێزی سەرکەوتوانی جیهان تۆمار کرا. |
| ٣٢ | ١٥ی نوامبری ٢٠١٠ | سپاس نامەی خەڵاتی نەخشەکێشی بۆ لەش ساخی لە لایەن دامەزراوەی مێعمارەکانی ئەمریکا(A.I.A)لە لایەن بەرپرسی ئاکادیمی ئەمریکا پێشکەش بە پرۆفسور ئالان دیلان کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان کرا. |
| ٣٣ | ١٦ی نوامبری ١٩٨٤ | شەری نێوخۆیی سەرانسەری نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە. |
| ٣٤ | ١٦ی نوامبری ٢٠٠٩ | بەرێوە چوونی چوارەمین کۆریادی بەیت و حەیرانی کوردی بەبەشداری هونەرمەندانی چەندین پارێزگای ئێران لە شاری سەردەشت. |
| ٣٥ | ١٦ی نوامبری ٢٠٠٠ | کۆچی دوایی ئەحمەد کایە هونەرمەندی گۆرانیبێژی کوردی باکووری کوردستان لە شاری پاریس. |
| ٣٦ | ١٦ی نوامبری ١٩٢٢ | بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی رۆژی کوردستان زمانحاڵی حکوومەتەکەی شێخ مەحمود لەشاری سلێمانی. |
| ٣٧ | ١٧ی نوامبری ١٩٤٢ | کۆچی دوایی شاعیری کورد محەممەد شەریف میهری. |
| ٣٨ | ١٧ی نوامبری ١٩٧٢ | پێک هاتنی کۆنگرەی سێهەمی یەکیەتی نووسەرانی کورد لەشاری بەغدا. |
| ٣٩ | ١٧ی نوامبری ٢٠١٠ | حەوتەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کورد بەبەشداری رۆشنبیران،نووسەران و کەسایەتە ناسراوەکانی کوردو جیهان لە پارلەمانی ئورۆپا لە شاری برۆکسل. |
| ٤٠ | ١٧ی نوامبری ١٩٧٩ | پەیامی خومەینی بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی کوردستان. ئەو پەیامە بە مانای تێک شکانی هێزە سەرکوت کەرەکانی خۆی لە کوردستان و کۆتایی شەری سێ مانگە، کە بوو بە هۆی وتووێژێکی درێژخایانی بێ ئاکام. |
| ٤١ | ١٧ی نوامبری ٢٠١٠ | کۆچی دوایی تەها خەلیل هونەرمەندی ناودار و گەورەی بواری شانۆ و درامای تەلەفیزیون لە شاری سلیمانی. |
| ٤٢ | ١٧ی نوامبری ٢٠٠٤ | کۆچی دوایی پیربال مەحموود ئیبراهیم شاعیری رۆمانسی بە توانای کورد لە شاری هەولێر. |
| ٤٣ | ١٨ی نوامبری ١٩٩٩ | بەفەرمی بەکارهێنانی پوول (تەمری پۆستی )حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە دام و دەزگاکان. |
| ٤٤ | ١٨ی نوامبری ١٩٦٧ | دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری خەباتی قوتابیان. |
| ٤٥ | ١٨ی نوامبری ١٩٦٢ | کۆچی دوایی مامۆستا گۆران شاعیری ناوداری شیعری نوێ کوردی لە شاری سلێمانی. |
| ٤٦ | ١٨ی نوامبری ١٩٣٧ | لە سێدارەدانی سەید رەزا دەرسیمی تێکۆشەری سیاسی و رێبەری راپەرینی خەڵکی دەرسیم بە دەست حکوومەتی تورکیە. |
| ٤٧ | ١٨ی نوامبری ٢٠٠١ | تیرۆری سەید خەلیل عالی نەژاد یەکێک لەگەورە هونەرمەندانی تەمبورژەنی کورد سەر بەئایینی یارسان لەشاری یۆتۆبۆری وڵاتی سوئید. |
| ٤٨ | ١٩ی نوامبری ١٩٨٨ | کۆچی دوایی میرحاج ئەحمەد تاهیرئاکرەیی ئەفسەری نیشتمانپەروەر و خەباتگێر لە شاری بەغدا. |
| ٤٩ | ١٩ی نوامبری ٢٠١٠ | بەرێوە چوونی نۆهەمین فیستیڤاڵی شانۆی کوردی سەقز لە رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٥٠ | ١٩ی نوامبری ٢٠١٠ | موحسین شادی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان میدالی زیری لە فیناڵی تاکەکەسی بەلەم لێخورینی یارییەکانی ئاسیای بردەوە. |
| ٥١ | ٢٠ی نوامبری ٢٠٠٧ | بەرێوەچوونی ١١هەمین فیستێڤاڵی گەلاوێژ بە ئامادە بوونی نێچیروان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان لە شاری سلێمانی. |
| ٥٢ | ٢٠ی نوامبری ١٩٣٧ | لە سێدارە دانی مەحمود جەودەت نوسەر و وەرگێری دیاری سەردەمی خۆی زۆر نووسینی لەفەرەنسییەوە وەرگێراوەتەوە سەر زمانی کوردی لە شاری سلێمانی . |
| ٥٣ | ٢٠ی نوامبری ٢٠٠٨ | بەرێوەچوونی ١٢هەمین فیستێڤاڵی گەلاوێژ لە ژێر چاوەدێری مام جەلاڵ سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ لە شاری سلێمانی. |
| ٥٤ | ٢٢ی نوامبری ٢٠٠٥ | کۆچی دوایی عومەر سوڵتان وەفا مامۆستای نوێکردنەوەی شێعری کوردی و فارسی. |
| ٥٥ | ٢٣ی نوامبری ٢٠٠٦ | بەرێوەچوونی ١٠هەمین فیستێڤاڵی گەلاوێژ بە ئامادە بوونی نێچیروان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان لە شاری سلێمانی. |
| ٥٦ | ٢٣ی نوامبری ١٩٩٩ . | نوێنەرانی (٣٥٠٠ ) گوندی باکووری کوردستان سەردانی پەرلەمانی تورکیە یان کردو داوایان لەسەرۆکی پەرلەمان کرد کە گوندەکانیان ئاوەدان بکەنەوە. |
| ٥٧ | ٢٤ی نوامبری ١٩٨٥ | لەسێدارە دانی بەندکراوی سیاسی شەهید کەماڵ دەباغی چالاکوان و تێکۆشەری رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران. |
| ٥٨ | ٢٤ی نوامبری ١٩٧٦ | بە هۆی روودانی بومەلەرزە لە شاری وان باکووری کوردستان ٣.٨٣٧ کوشتە و زیاتر لە ١٠٠.٠٠٠ کەس کورد بێ ماڵ دەمێننەوە ! |
| ٥٩ | ٢٤ی نوامبری ١٩٦٠ | کۆچی دوایی حەمدی بەگی بابان شاعیری بەناوبانگی گەلی کورد. |
| ٦٠ | ٢٤ی نوامبری ١٩٩٤ | پێک هاتنی کۆنفرانسی کوردناسی لەشاری مۆسکۆ پێتەختی رووسیە. |
| ٦١ | ٢٥ی نوامبری ١٩٤١ | شاندێکی کۆماری کوردستان بەسەرۆکایەتی پێشوا قازی محەممەد سەردانی یەکیەتی سۆڤیەت یان کرد،بۆ دانووستاندن لەگەڵ کار بەدەستانی سۆڤییەت. |
| ٦٢ | ٢٥ی نوامبری ١٩٩٩ | دادگای باڵای تورکیە حوکمی لەسێدارەدانی بەسەر عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان سەپاند. |
| ٦٣ | ٢٥ی نومبری ١٩٤٦ | دامەزرانی رادیۆ کوردی تاران لە پێتەختی ئێران. |
| ٦٤ | ٢٦ی نوامبری ١٩٨١ | رۆژی جیهانی نەهێشتنی توندو تیژی بە دژی ژنان. |
| ٦٥ | ٢٦ی نوامبری ١٩٦٩ | بڵاوبونەوەی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری بەیان. |
| ٦٦ | ٢٦ی نوامبری ١٩٩١ | ساڵرۆژی دامەزرانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لەشاری هەولێر. |
| ٦٧ | ٢٦ی نوامبری ١٩٩٤ | دامەزرانی کۆمەڵەی راوچیانی هەرێمی باشووری کوردستان. |
| ٦٨ | ٢٧ی نوامبری ١٩٩٢ | دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان لە هەرێمی کوردستان. |
| ٦٩ | ٢٨ی نوامبری ١٩٨٠ | ساڵرۆژی دامەزرانی بەرەی نیشتمانی دێموکراتی لە باشووری کوردستان(جود). |
| ٧٠ | ٢٩ی نوامبری ١٩٤٣ | دەستی پێکرد وتوو ویژ نێوان سەرانی سیاسی کورد و حکوومەتی ئەوکاتی عێراق لەبارەی کێشەی کورد. |
| ٧١ | ٢٩ی نوامبری ١٩٤٨ | کورد لەبارەی پاشەرۆژی خۆی یاداشتێکی دایە نەتەوە یەکگرتووەکان(UN). |
| ٧٢ | ٢٩ی نوامبری ١٩٧٣ | پەردە لەسەر پەیکەری حاجی قادری کۆیی شاعیری هەڵکەوتووی کورد لەشاری کۆیی هەڵدرایەوە. |
| ٧٣ | ٢٩ی نوامبری ٢٠١٠ | بەرێوەچوونی نۆهەمین فیستیڤاڵی کورتە چیرۆک بە بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە نووسەرانی کورد و فارس لە شاری بانە. |
| ٧٤ | ٢٩ی نوامبری ٢٠١٠ | دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کوشتاری کوردە فیلییەکانی لە لایەن رژێم بەعسی عێراق بە ژێنوساید ناساند. |
| ٧٥ | ٢٩ ی نوامبری ١٩٩٥ | کۆچی دوایی سەید محەممەد سەفایی هونەرمەندی گۆرانیبێژ لە شاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٧٦ | ٢٩ی نوامبری ٢٠٠٧ | بەرێوە چوونی دووهەمین کۆریادی بەیت و حەیرانی کوردی بەبەشداری هونەرمدانی پارێزگاکانی ئێران لە شاری سەردەشت. |
| ٧٧ | ٣٠ی نوامبری ٢٠١٠ | رێورەسمی رێزلێنان بۆ هونەرمەند ئەحمەد سالار یەکێک لەم هونەرمەندە پێشەنگانەی شانۆ و نووسەر لە تالاری هونەری شاری سلێمانی. |
| ٧٨ | ٣٠ی نوامبری ١٩٧٣ | کۆچی دوایی هونەرمەندو نووسەری بە توانا و لێهاتووی کورد رەفیق چاڵاک. |

| | | |
|---|---|---|
| ٧٩ | ٣٠ی نوامبری ١٩٧٤ | کۆچی دوایی عەلی کەمال باپیر ئاغا شاعیری بەناوبانگ و بە توانای گەلی کورد. |
| ٨٠ | ٣١ی نوامبری ٢٠٠٨ | کۆچی دوایی خالۆ سلیمان وەلەدخان کەسایەتی سیاسی و نیشتمانپەروەری کوردی یارسان. |

## December - دێسامبر

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ١ی دێسامبری ١٩٢٦ | ساڵرۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی بژارکردنی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە. |
| ٢ | ١ی دێسامبری ١٩٣٩ | چاپ و بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری گەلاوێژ. |
| ٣ | ١ی دێسامبری ١٩٦٩ | کۆچی دوایی شاعیری کورد مەلا عەبدولرەحمان مەلا ئیبراهیمی میکائیل ناسراو بە (مەلا راجی). |
| ٤ | ٢ی دیسامبری ١٩٧٢ | ماڵئاوایی محەممەد توفیق وردی مامۆستای پەروەردەکار و نووسەر فولکلۆری کورد لە شاری بەغدا. |
| ٥ | ٢ی دیسامبری ١٩٩٦ | کۆچی دوایی مامۆستا نەبی قادری چالاکوان و تێکۆشەری سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دانمارک. |
| ٦ | ٢ی دیسامبری ١٩٧٣ | ماڵئاوایی مەمەند ئاغای خانی شاعیری بە توانای کورد لەناوچەی مەرگەی نزیک قەڵادزێ. |
| ٧ | ٣ی دیسامبری ١٩٧٠ | دەست بە کارکردنی یەکیەتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر. |
| ٨ | ٥ی دیسامبری ٢٠١٠ | پێکهاتنی ناوەندی کوردی – هولەندی لە شاری لاهەی ئەم وڵاتە. |
| ٩ | ٦ی دیسامبری ٢٠٠٦ | دوولەت بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران. راگەیاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی - ئێران. |
| ١٠ | ٦ی دیسامبری ١٩٤٥ | دەرچوونی یەکەم گۆڤاری ئەدەبی،سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان کە بیرو بووچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو لە لایەن چاپخانەی کوردستان لە شاری مەهاباد. |
| ١١ | ٧ی سپتامبری ٢٠٠٣ | بەرێوە چوونی یەکەمین فستیڤاڵی منداڵانی کوردستانی ئێران بە دەست پێشخەری دنیای منداڵان. |
| ١٢ | ٨ی دیسامبری ١٩٩٧ | تیرۆری شەهید مەنسور فەتاحی خەباتگیر و تێکۆشەری سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان.بە دەست تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی لە کۆیی باشووری کوردستان. |
| ١٣ | ٩ی دیسامبری ٢٠١٠ | پەردە لەسەر پەیکەری حەپسەخانی نەقیب کەسایەتی مێژوویی و ناوداری کورد لە پارکی ئازادی کە لە لایەن پەیکەر تاش رەنج عوسمان چێرار لەشاری سلێمانی لادرا. |
| ١٤ | ٩ی دیسامبری ١٩٦٣ | کۆچی دوایی مامۆستا سێوە هونەرمەندی بەتوانایی مەقامی کوردی لە شاری کۆیە باشووری کوردستان. |
| ١٥ | ١٠ی دیسامبری ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی ئەردەلان بەکر هونەرمەندی گۆرانیبێژی کورد لە شاری کارۆلینسکای سوئید. |
| ١٦ | ١٠ی دیسامبری ١٩٤٨ | ساڵرۆی دامەزرانی جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ. |
| ١٧ | ١١ی دیسامبری ٢٠٠٩ | داخستنی پارتی کۆمەڵگای دێموکراتیک (DTP) لە لایەن دادگای تورکیە. |
| ١٨ | ١٢ دیسامبری ١٩٨٥ | ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان. |
| ١٩ | ١٢ دیسامبری ١٩٤٥ | بەشداری نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە رێ و رەسمی دامەزرانی کۆماری ئازەربایجان لە شاری تەوریز. |
| ٢٠ | ١٢ دیسامبری ١٩٨٨ | کرانەوە و دەست بە کار کردنی ئێزگەی بەرەی کوردستانی عێراق. |
| ٢١ | ١٣ دیسامبری ١٩٨٤ | کۆچی دوایی عەلائەدینی سەجادی ئەدیبی بەناوباگی کورد لە شاری بەغدا. |
| ٢٢ | ١٣ی دیسامبری ١٩٩٩ | کۆچی دوایی رەئیس بەکر عەبدولکەریم چالاکی سیاسی، نیشتمانپەروەر،رۆڵێکی گەورەی بینی لە دامەزراندنی لەشکری کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد |
| ٢٣ | ١٣ی دیسامبری ١٩٨١ | شەهید بوونی سەروان ئەحمەد جاوید فەر(کاک هەژار)تێکۆشەر وچالاکوانی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران لەناوچەی بانە. |
| ٢٤ | ١٣ی دیسامبری ١٩٩٨ | ماڵئاوایی هەمزە عەبدوڵا چالاکی سیاسی و نووسەر و سکرتێری پارتی دێموکراتی کوردی عێراق لە ساڵی ١٩٤٩ لە شاری سلێمانی. |
| ٢٥ | ١٥ی دیسامبری ١٨٧٩ | کۆچی دوایی خەڵکێکی زۆر بەهۆی ویشکە ساڵی لە باشووری کوردستان. |
| ٢٦ | ١٥ی دیسامبری ٢٠١٠ | ماڵئاوایی دوکتور ئەفراسیا و هەورامی نووسەر و لێکۆڵەرەوەی مێژووی کورد لە شاری مۆسکۆ پێتەختی رووسیە. |
| ٢٧ | ١٦ی دیسامبری ٢٠٠٨ | مەرگی ناووەختی موقبیل هونەرپەژوو شاخەوانی ناوداری کورد و ئەندامی تیمی میللی شاخەوانی ئێران لە شاری بۆکانی رۆژهەڵاتی کوردستان |
| ٢٨ | ١٦ی دیسامبری ١٩٦٤ | کۆچی دوایی مەلا مەعسومی هەوارمی کەسایەتی نیشتمانپەروەر و خاوەن هەڵوێست لە شاری هەولێر. |
| ٢٩ | ١٦ی دیسامبری ١٩٥٠ | چاپ و بڵاو کردنەوەی یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی هەولێر لەلایەن کۆمەڵەی مامۆستایان لقی هەولێر. |
| ٣٠ | ١٧ی دیسامبری ١٩٨٦ | ماڵئاوایی محەممەد عارف جزیری هونەرمەندی بە توانا و ناوداری کورد. |
| ٣١ | ١٧ی دیسامبری ١٩٨٥ | کۆچی دوایی مامۆستاو نووسەرلێهاتووی کورد عیزەددین فەیزی لەشاری هەولێر. |
| ٣٢ | ١٧ی دیسامبری ١٨١٨ | دامەزرانی جەمعیەی تەعالی کوردستان لەشاری ئەستەمبول لەلایەن (سەید عبدالقادر شەمزینی) یەوە دامەزرا، ئەم کۆمەڵە هەندێ جار بە (کلوبی کورد، کۆمیتەی کورد، کۆمەڵەی کورد)ناوی هاتوە و گۆڤاری (ژین)ی دەرکردوە، |
| ٣٣ | ١٧ی دیسامبری ١٩٤٥ | رۆژی چەک کردنی شارەوانی مەهاباد دواین بنکەی حکوومەتی ناوەندی ئێران و هەڵکردنی ئالای کوردستان و دامەزران هێزی سپای میللی کوردستان. |
| ٣٤ | ١٧ی دیسامبری ١٩٤٦ | گەرانەوەی ئەرتەشی شا بۆ مەهاباد و کۆتایی تەمەنی یازدە مانگەی یەکەم کۆماری کوردستان. |
| ٣٥ | ١٨ی دیسامبری ١٩٤٨ | کۆچی دوایی فایق بێکەس(فایق عەبدوڵابەگ) شاعیری نیشتمانپەروەر لە شاری سلێمانی. |
| ٣٦ | ١٨ی دیسامبری ٢٠٠٦ | یەکەمین کۆنگرەی زانستی شوناسی کورد لەهۆڵی رازی لە زانکوی شاری تاران. |
| ٣٧ | ١٩ی دیسامبری ١٩٧٨ | کۆچی دوایی دوکتور کامران بەدرخان چالاکوانی رامیاری،دادپەروە،نووسەر و داهێنەری ئەلفوبێی کورمانجی و ئەندامی خۆیبوون لە شاری پاریسی فەرانسە. |
| ٣٨ | ٢٠ی دیسامبری ١٩٨٥ | ماڵئاوایی سامی عەوداڵ مرۆڤێکی پێشکەوتنخواز، چالاکوانی بزووتنەوەی نیشتمانی،و خەباتگێری چینایەتی لە شاری هەولێر. |
| ٣٩ | ٢٠ی دیسامبری ١٩٥٨ | کۆچی دوایی شێخ نوری شێخ ساڵح رۆشنبیرێکی رۆشنگەر و داهێنەرێکی دیاری بواری شیعری نوێ کوردی. |
| ٤٠ | ٢٣ی دیسامبری ١٨٨٢ | دوورخستنەوەی شێخ عوبەیدوولای شەمزینی بۆ عەرەبستانی سعوودی لە لایەن حکوومەتی عوسمانی. |
| ٤١ | ٢٣ی دیسامبری ١٩٧٨ | کوشتاری کوردی عەلی ئەلایی لە لایەن تورکە فاشیستەکان (گورگە بۆرە)کانەوە.کە سازمانی ئەمنیەتی تورکیەوە پشتیوانی دەکران ! زیاتر لە ١٠٠٠ کەس دەکوژرێن ! |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٢ | ٢٤ی دیسامبری ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی خالید جوتیار ئەندامی لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد و ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەشاری هەولێر |
| ٤٣ | ٢٥ی دیسامبری ١٩٢٢ | کۆچی دوایی جەمال عیرفان نووسەری هەڵکەوتوو و بەتوانای کورد. |
| ٤٤ | ٢٥ی دیسامبری ١٩٣٩ | پەنای بردنی جەلادەت بەدرخان بەهۆی ڕووخانی شۆرشی شێخ سەعیدی پیران بۆ سووریە. |
| ٤٥ | ٢٥ی دیسامبری ١٩٧٩ | بڵاو کردنەوەی گەڵاڵەی ٢٦ ماددەیی دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد سەبارەت بە خودموختاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٤٦ | ٢٥ی دیسامبری ١٩٩١ | ماڵئاوایی محەممەد ئەمین موعینی ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان،و وزیری ناوخۆی کۆماری کوردستان و باوکی شەهید مۆعینی یەکان. |
| ٤٧ | ٢٦ی دێسامبری ١٨٨٢ | کۆچی دوایی ئیبراهیم فەسیح حەیدەری مێژوونووسی بە توانای کورد لەشاری بەغدا. |
| ٤٨ | ٢٦ی دیسامبری ١٩٨٢ | کۆچی دوایی زانای کورد مامۆستا عەلی مەحەمەد بەهائەددین. |
| ٤٩ | ٢٦ی دێسامبری ١٨١٣ | چاپ و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی بانگی کورد. |
| ٥٠ | ٢٦ی دێسامبری ١٩٢٩ | بڵاوکردنەوەی یەکەمین ڕۆژنامەی ژین لە شاری سلێمانی. |
| ٥١ | ٢٦ی دێسامبری ١٩٧٦ | هێرشی سپای عێراق بۆ سەر ناوچەکانی ماوەت قارمیش- گەڵاڵە. |
| ٥٢ | ٢٦ی دێسامبری ٢٠٠٤ | ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی کۆمەڵگای دیموکراتی لە لایەن لەیلا زانا لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان. |
| ٥٣ | ٢٧ی دیسامبری ١٩٧٨ | ڕۆژی دامەزرانی پارتی کرێکارانی کوردستان(P.k.k)لە گوندی فیس ی دیاربەکر باکووری کوردستان |
| ٥٤ | ٢٧ی دیسامبری ١٩٦٩ | پێک هاتنی کۆنگرەی ١٣ یەمی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەشاری بەرلین. |
| ٥٥ | ٢٨ی دێسامبری ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی تەها عەتیقی تێکۆشەر و چالاکوانی سیاسی،وەرگێر و کارگێری ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سویس |
| ٥٦ | ٢٩ی دیسامبری ٢٠٠٨ | کۆچی دوایی لەیلا عەلی سالع هونەرمەندی شانۆ و بێژەری کەنالی خاک و کوردسات تی ڤی لە شاری سلێمانی. |
| ٥٧ | ٣٠ی دیسامبری ٢٠٠٦ | لەسێدارەدانی دیکتاتوری ڕیژیمی بەعسی کورد کوژ سەددام حوسێن لە شاری بەغدا. |
| ٥٨ | ٣١ی دیسامبری ١٩٤٢ | کۆچی دوایی مەلا فەندی (مەلا ئەبووبەکری ئەفەندی)کەسایەتی نیشتمانپەروەر و ناسراوای کورد لەشاری هەولێر. |

| بەداخەوە ڕۆژ و مانگی کۆچی دوایی ئەو کەسایەتانەی خوارەوە دیار نیٚ یە | | |
|---|---|---|
| ١ | سالی ١٩١١ | کۆچی دوایێ جیهان ئارا شاعیری هەست ناسک لە شاری جوانرۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٢ | ساڵی ١٩١١ | ماڵئاوایی سالمی سنە(شێخ سەلیم) شاعیری کلاسیکی کوردی لە شاری سنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٣ | ساڵی ١٩٠٦ | کۆچی دوایی خاکی(محەممەد) شاعیری شێعری ڕەسەنی کوردی لە شاری سلێمانی باشووری کوردستان. |
| ٤ | ساڵی ١٨٨٣ | ماڵئاوایی کەیفی (فەتحوڵلایە)شاعیر و مامۆستای دارتاش،موزایک و گرافیک لە شاری ئەستەمبوڵ. |
| ٥ | ساڵی ١٨٨٨ | کۆچی دوایی شاعیر ئەختەر(ئەمین ئاغای) لە شاری کۆیە باشووری کوردستان. |
| ٦ | ساڵی ١٤٨١ | ماڵئاوایی مەلای جزیری(شێخ ئەحمەد)شاعیری گەورەی کورد لە شاری جزیرەی بوتان. |
| ٧ | ساڵی ١٩٠٢ | کۆچی دوایی عەبدولڕەحیم کوری مەلا(وەفایی) شاعیری ناوداری کورد لە بیابانی شام لە عێراق. |
| ٨ | ساڵی ١٩٠٩ | ماڵئاوایی حەریق(سالح مەلا نەسروڵلا)شاعیری کلاسیکی نێوەی دووهەمی سەدی نۆزدەەم لە شاری مەهاباد. |
| ٩ | ساڵی ١٩١٥ | کۆچی دوایی میرزا قادر(عەبدولقادر) شاعیر لە شاری پاوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ١٠ | ساڵی ١٩٦٧ | ماڵئاوایی ناتیق مەلا کەریم شاعیر و چیرۆک نووس. |
| ١١ | ساڵی ١٦٠٣-١٦٠٤ | کۆچی دوایی شەرفخانی بەدلیسی نووسەری شەرەفنامە گەورترین شاکاری مێژووی گەلی کوردستان. |
| ١٢ | ساڵی ١٩٧٣ | شەهید کردنی ئەحمەد توفیق(عەبدوڵلا ئیسحاقی) تێکۆشەر و سکرتێری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کۆنگرەی دووهەمی بە دەست ڕێژیمی بەعسی عێراق. |
| ١٣ | ساڵی ١٧٩٦ | کۆچی دوایی ئیبراهیم پاشای بابان دروست کەری شاری سلیمانی پایتەختی میرنشینی بابان لە شاری موسڵ. |
| ١٤ | بەهاری ساڵی ٢٠٠٨ | ماڵئاوایی هونەرمەندی کۆرانبێژ ئیسماعیل مەسقەتی لە شاری کرماشان. |
| ١٥ | ساڵی ١١٢٨ | کۆچی دوایی ئیسماعیل مەعروف فردەوسی کورد نووسەری غەزەل و پەخشان بە زمانی کرمانجی لە شاری بایەزید لە باکووری کوردستان. |
| ١٦ | ساڵی ١٩٨٦ | ماڵئاوایی لەیلا بەدرخان یەکەم کچی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە هونەری باله ، ڕۆشنبیر ولێکۆڵێنەرەو لە پاریس. |
| ١٧ | فیورییەی ساڵی ١٩٨٣ | دامەزرانی ئەنیستیتوی کورد لە پاریس. |
| ١٨ | ساڵی ١٧٠٧ | کۆچی دوایی ئەحمەدی خانی شاعیر و ڕۆشنبیر و نووسەری مەم و زین لە شاری بایەزید |
| ١٩ | ساڵی ١٩٠٦ | کۆچی دوایی ئاهی سالح ئەحمەد شاعیری شێعری کلاسیک لە شاری سلێمانی. |
| ٢٠ | ساڵی ١٩١٨ | کۆچی دوایی تاهیربەگی جاف شاعیری بە توانا لە عەبابەیلی هەڵەبجە. |
| ٢١ | ساڵی ١٨٨٢ | ماڵئاوایی شاعیری ناوداری کورد مەولەوی(سەید عەبدولڕەحیم تاوەگۆزیی)لە گوندی سەرشانە. |
| ٢٢ | ساڵی ١٩٠٥ | کۆچی دوایی جافەر قولی شاعیری ناسراوی خوراسان لە خوارزەم. |
| ٢٣ | ساڵی ١٨٨١ | ماڵئاوایی سەید یەعقووب شاعیرو ڕوشنبیر لە گوندی قەمەشەی ناوچەی ماهدەشتی کرماشان. |
| ٢٤ | ساڵی ١٩٢١ | کۆچی دوایی مەنفی(مەلارەسۆڵ بێتووشی)شاعیری شێعری کڵاسیک لە کویە. |
| ٢٥ | ساڵی ١٩٠٦ | کۆچی دوایی سانی(عەبدوڵلا عەلی)شاعیر لە گوندی هیرانی کویە. |
| ٢٦ | ساڵی ١٨٥٦ | ماڵئاوایی شاعیری ناوداری کورد نالی(خدر شاوەیسی میکائیلی) |
| ٢٧ | ساڵی ١٩٥٤ | کۆچی دوایی حاجی سەید بابە شێخی سیادەت ڕەئیسی هەیئەتی ڕەئیسەی میلیی(سەرۆک وەزیر)کۆماری کوردستان لە دیی تورجان. |
| ٢٨ | ساڵی ١٨٤٧ | کۆچی داویی ماهشەرەفخانم(مستورە ئەردەلانی) نووسەری کتێبی مێژوویی ئەردەلان لە شاری سلیمانی. |
| ٢٩ | ساڵی ١٩٦٦ | شەهید کردنی سادق ئەنجیری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەباشووری کوردستان. |
| ٣٠ | ساڵی ١٩٦٩ | تیرۆری مارگریت جۆرج ژنە پێشمەرگەی شۆرشی ئەیلووڵ لە باشووری کوردستان. |

ڕەحمان نەقشی

| | | |
|---|---|---|
| ٣١ | ساڵی ١٩٥٧ | ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد لە رۆژئاوایی کوردستان. |
| ٣٢ | ساڵی ١٩٨٥ | چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری فەرهەنگی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی سروە لە ورمێ رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٣٣ | ساڵی ١٩٦٧ | شەهیدبوونی باپیرشکاک(نحۆ) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی گۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەدەست هێزەکانی ئێران لە ناوچەی سەلماس. |
| ٣٤ | ساڵی ١٩٣٢ | کۆچی دوایی حوسێن نازم بەگ مێژوونووس و ئەدیبی بە ناوبانگی کورد لە شاری سلێمانی. |
| ٣٥ | ساڵی ١٩٨٥ | دامەزرانی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لە شاری لەندەنی بریتانیا. |
| ٣٦ | ساڵی ١٩٧٤ | پێکهاتنی حیزبی سوسیالیستی کوردستان لە تورکیە |
| ٣٧ | ساڵەکانی ٦٧- ١٩٦٨ | تێکۆشانی چەکداری و سیاسی لە لایەن کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەو جووڵانەوەی 18 مانگی خایاند بە داخەوە زۆربەی هەر زۆری بەرێوەبەرانی شەهید کران. |
| ٣٨ | ساڵی١٩٨١ | دامەزرانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوئید ، فیدراسیۆن رێکخراوێکی دیموکرات و بێلایەنە و سەر بە هیچ رێکخستنێکی سیاسی و ئایینی نیە. |
| ٣٩ | ساڵی١٩٩٤ | سزا دانی ١٠ ساڵ زیندانی بۆ لەیلا زانا بە هۆی سوێندخواردن بە زمانی کوردی لە پارلەمانی تورکیە، |
| ٤٠ | هاوینی ساڵی ١٩٨٨ | کارەساتی سامناکی کوشتاری بەندییە سیاسیی و نیشتمانپەروەرانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بە فرمانی خومەینی. |
| ٤١ | ساڵی١٩٥٩ | دامەزرانی حیزبی شۆرش لە لایەن شێخ نەسرەدین نەقشبەندی کە ئامانجی کۆکردنەوەی تێکۆشەرانی سیاسی کورد بووە. |
| ٤٢ | ژووئەنی ١٩٦٣ | دامەزرانی کۆمەڵەی رزگاری کوردستان لەلایەن ژمارەیەک تێکوشەر و چالاکوانی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ناوچەی بارزان، باشووری کوردستان. |
| ٤٣ | رەشەمەی ساڵی ١٩٥٢ | راپەرینی جووتیارانی ناوچەی موکریان بە دژی زۆلم و زۆری ئاغاو دەرەبەگەکان ئەو جووڵانەوەیە لە لایەن ریژیمی شا سەرکوت کرا. |
| ٤٤ | ساڵی ١٩١٥ | ماڵئاوایی شاعیری نابینا مەلا حەمدون لە شاری سلێمانی. |
| ٤٥ | ساڵی ١٩٥٨ | دامەزرانی رادیۆ کوردی کرماشان. |
| ٤٦ | ساڵی ١٩٦٧ | شەهید بوونی مەلارەحیم وردی ناسراو بە میرزا ئەحمەد ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان. |
| ٤٧ | ساڵی ١٩٩٥ | خەڵاتی ساخارۆفی پارلەمانی یەکیەتی ئوروپا بە بەندکراوی کورد لەیلا زانا. |
| ٤٨ | ساڵی ١٩٦٨ | شەهید کردنی دڵشادی رەسووڵی ئەندامی رێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان،و جێگری وەزیری فەرهەنگ لە کۆماری کوردستان.لە باشووری کوردستان. |
| ٤٩ | مانگی ژووییەی ١٩٨٢ | دانیشتنی دوو قۆڵیی و ئیمزا کردنی بریارنامەی هاوکاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ رێکخراوی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران. |
| ٥٠ | ساڵی ١٩٠٢ | کۆچی دوایی وەفایی(عەبدولرەحیم نەسیرولایی)شاعیری ناداری کورد لە بیابانی شام لە عیراق. |
| ٥١ | هاوینی ساڵی ١٩٨١ | شەری ناخوازراو لە نێوان حیزب دێموکراتی کوردستانی ئێران و پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراق(قیادە موقت)روی داو چەندین مانگ درێژەی کێشا. |

## ترۆپکی رزگاری

رێبوارێکم ئازا و بە زیبک و زاکوون　　　دەبڕم چۆڵ و چیا و پێدەشت و بێروون
بەرهەڵستم دەکەم هەپرون بە هەپرون　　　دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم ، دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگار بوون

کەند و کۆسپ هەنگاوم پێ ناکا شل　　　بێتە سەر ڕێم هەزاران گابەردی زل
بەهێزی شان و باهۆ پێیان دەدەم تل　　　دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوو
دەڕۆم ، دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگار بوون

پێم گرتەوە، دەرچووم لە دارە دارە　　　ڕێم گرتەوە، ڕێگای (قازی) و (ئاوارە)
نامترسێنێ گوللە، پەتک، سێدارە　　　دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم ، دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگار بوون

بەو خوێنانەی لەو ڕێبازە ڕژاوە　　　گوڵی ئاڵی سەربەستی کورد ڕواوە
منیش بە دڵی پڕ لە هیوا و بڕواوە　　　دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم ، دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگار بوون

ڕۆڵەی کوردم فێری هەوراز و لێژم　　　تا زوو بڕۆم زیاتر ئارەق بڕێژم
کورت تر دەبێ ڕێگای دوور و درێژم　　　دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم ، دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگار بوون

نارەومەوە لە داوەڵ و تارمایی　　　زۆرم دیوە بووڵێڵ و تاریکایی
دێنم بەو شەوگارە ڕەشە دوایی　　　دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم ، دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگار بوون

من پەروردەی بن سێبەری ئەشکەوتم　　　گەلێک جاران لە چاڵاوی ڕەش کەوتم
هاتمە دەرێ، هەدام نەدا ، نەسرەوتم　　　دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون
دەڕۆم ، دەڕۆم تا ترۆپکی ڕزگار بوون

(مامۆستا هێمن)

| | | |
|---|---|---|
| ٦٦ | ٢٢ی ژانوییەی ١٩٦١ | دواین کۆبوونەوەی مەلا مستەفا بارزانی و عبدالکریم قاسم سەرۆک کۆماری عێراق. |
| ٦٧ | ٢٢ی ژانوییەی ١٩٩٨ | پیشوازی وپشتیوانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دەست پێکردنی هەولی ئاشتیخوازانە بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە شەری براکوژی لەنێوان پارتی و یەکیەتی لە باشووری کوردستان. |
| ٦٨ | ٢٢ی ژانوییەی ١٩٩١ | کۆچی دوایی شاعیری بە توانا کورد بورهان جاهید . |
| ٦٩ | ٢٣ی ژانوییەی ١٩٢٢ | هێرشی هێزەکانی حکوومەتی ئێران بۆ سەر پێشمەرگەکانی سمکۆی شکاک. |
| ٧٠ | ٢٣ی ژانوییە ١٩٣٢ | مۆرکردنی رێککەوتنامە لە نێوان دوو دەوڵەتی ئێران و تورکیە بەمەبەستی لێدانی و تێکشکانی شۆرشی ئارارات . |
| ٧١ | ٢٤ی ژانوییەی ١٩٨١ | کۆچی دوایی مامۆستا عەلی مەردان هونەرمەندی گۆرانیبێژی ناوداری کورد لە شاری کەرکوک. |
| ٧٢ | ٢٤ی ژانوییەی ١٩٢٢ | راگەیاندنی هاوبەشی شانشینی عێراق و بەریتانیا بەمەبەستی پێکهێنانی حکومەتی کوردی لەچوارچێوەی سنووری عێراق لەوناوچانەیکەزۆربەیان کوردن |
| ٧٣ | ٢٤ی ژانوییەی ١٩٧٠ | کۆچی دوایی خەلیل سەدیقی هونەرمەند و تێکۆشەری سیاسی لە شاری مەهاباد. |
| ٧٤ | ٢٤ی ژانوییەی ١٩٦٤ | ماڵئاوایی مستەفا پاشای یامولکی سەرکردەی سوپای عوسمانی و رۆژنامە نووسی کورد. |
| ٧٥ | ٢٤ی ژانوییەی ١٩٨٥ | شەهید کردنی مامە ریشە نەجمەدین شکور رەئوف پێشمەرگە وفەرماندەی کەرتی جەباری زوربەی داستانە پرسەرووەرییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان |
| ٧٦ | ٢٥ی ژانوییەی ١٩٨٩ | کۆچی دوایی دوکتۆر سدیق ئەتروشی نوسەر و وەرگیر،چالاکی سیاسی و کۆمەلایەتی و نیشتمانپەروەرو پێشکەوتنخوازی کورد لە شاری قەڵادزێ. |
| ٧٧ | ٢٥ی ژانوییەی ٢٠٠٧ | مالئاوایی موزەفەر سلێمان شەریف شاعیری بە توانای کورد لە شاری هەولێر. |
| ٧٨ | ٢٥ی ژانوییەی ١٩٢٦ | کۆچی دوایی زانای کورد مامۆستا ئەحمەدی کاکە مەحموود. |
| ٧٩ | ٢٥ی ژانوییەی ١٩٩٨ | کۆچی دوایی محەممەد ماملی هونەرمەندی گۆرانیبێژی ناوداری کورد لە شاری مەهاباد. |
| ٨٠ | ٢٥ی ژانوییەی ١٩٨٦ | کۆچی دوایی ئەیار زاخۆلی(ئەیازیوسف ئەحمەد)هونەرمەندی گۆرانی فۆلکلۆری رەسەنی کوردی لە شاری مووسل. |
| ٨١ | ٢٥ی ژانوییەی ٢٠١٠ | لەسێدارەدانی عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە عەلی شیمیایی سەرپەرستی ویران کردن و قەلاچوو کردنی باشووری کوردستان. |
| ٨٢ | ٢٦ی ژانوییەی ١٩٣٩ | بڵاوکردنەوەی یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی ژین لەلایەن شاعیری بەناوبانگی کورد پیرەمێرد لەشاری سلێمانی. |
| ٨٣ | ٢٦ی ژانوییەی ٢٠٠٨ | کردنەوەی کۆنگرەی ناساندنی جینۆساید لەسەر گەلی کورد لە شاری هەولێر. |
| ٨٤ | ٢٧ی ژانوییەی ١٩٤٨ | خۆپێشاندان لەدژی دەسەلاتی شانشینی عێراق لە سەرانسەری شارەکانی عێراق و کوردستان. |
| ٨٥ | ٢٩ی ژانوییەی ١٩٣٩ | کردنەوەی ئێزگەی رادیۆ دەنگی کوردی لە شاری بەغدا. |
| ٨٦ | ٢٩ی ژانوییەی ١٩٤٧ | چاوپێکەوتنی مەلا مستەفا بارزانی لە گەڵ شای ئێران و کاربەدەستانی بەریتانیا و ئەمریکا لە شاری تاران. |
| ٨٧ | ٢٩ی ژانوییەی ١٩٩٢ | کۆچی دوایی عومەر دەبابە پاریزەر و ئەندامی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان. |
| ٨٨ | ٢٩ی ژانوییەی ٢٩٩٦ | مالئاوایی سەعدوڵلا بامەڕنی هۆزانڤان،خەباتگێری کوردپەروەر و فلکلور ناسی ناوداری کورد لە شاری بامورنی. |
| ٨٩ | ٣٠ی ژانوییەی ١٩١٩ | چاپ و بلاو کردنەوەی گۆڤاری کوردستان لەشاری ئەستەمبۆل بە ٥ زمان، ئەم گۆڤارە ١٩ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە. |
| ٩٠ | ٣٠ی ژانوییەی ١٩٥٢ | کۆچی دوایی شاعیری لێهاتووی کورد بەختیار زێوەر. |
| ٩١ | ٣٠ی ژانوییەی ١٩٩٧ | کۆچی دوایی شێخ عوسمانی نەقشبەندی لەشاری ئەستەمبۆڵ. |
| ٩٢ | ٣٠ی ژانوییەی ٢٠٠٥ | فلیمی کیسەلەکانیش دەفرن لە دەرهێنانی بەهمەنی قوبادی لە ڤیستیڤالی (ترۆمسۆی)نۆرویژ دا خەلاتی ئەوروپای پێبەخشرا. |
| ٩٣ | ٣٠ی ژانوییەی ٢٠٠٥ | پرۆسەی هەڵبژاردنی کوردستان و عێراق بەشداری بەرچاوی خەڵک لەم هەڵبژاردەنەدا. |
| ٩٤ | ٣٠ی ژانوییەی ٢٠٠٥ | کۆکردنەوە ئیمزای بۆ سەربەخۆیی کوردستان هاوکات لەگەڵ ئەنجام دانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان لە لایەن بزووتنەوەی ریفراندۆم. |
| ٩٥ | ٣١ی ژانوییەی ١٩٧٨ | شەهیدکردنی ئارام (شاسوار جەلال) رۆژنامەنووس و سکرتێری کۆمەڵەی رەنجدەران لە گوندی تەنکیسەر ناوچەی قەرداخی باشووری کوردستان. |
| ٩٦ | ٣١ی ژانوییەی ١٩٨٧ | کۆچی دوایی ئیدریس بارزانی تێکۆشەری سیاسی و ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری ورمێ رۆژهەلاتی کوردستان. |

| February - فێورییە | | |
|---|---|---|
| ١ | ١ی فورییەی ١٩٩٥ | دامەزرانی پارتی نیشتمانی کوردستان لە باشووری کوردستان. |
| ٢ | ١ی فێورییەی ٢٠٠٧ | کۆچی دوایی پرۆفسۆر شاکرۆ خدۆ مخۆ نووسەری ناودار و دامەزرێنەری ناوەندی لیکۆڵینەری کورد لە شاری مۆسکۆ. |
| ٣ | ١ی فێورییەی ٢٠٠٦ | دامەزرانی کانالی ئاسمانی کۆمەڵە تی ڤی سەربە حیزبی کۆمونیستی ئێران (کۆمەڵە). |
| ٤ | ١ی فێورییەی ٢٠٠٤ | کارەساتی جێژنی قوربان تەقینەوەی مەلبەندی ٣ی و مەقەری ٢ی یەکیەتی و پارتی لە شاری هەولێری باشووری کوردستان. |
| ٥ | ١ی فێورییەی ١٩٢١ | پێک هاتنی کۆنفرانسێک لەشاری لەندەن لەسەر کێشەی کورد . |
| ٦ | ١ی فێورییەی ١٩٧٤ | پێک هاتنی کۆنگرەی پێنجەمی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان. |
| ٧ | ١ی فێورییەی ١٩٩٥ | دامەزراندنی بزووتنەوەی چەوساوان و جووتیارانی کوردستان. |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٧ | ١٨ی فیۆرییەی ١٩٥٣ | دامەزراندنی یەکێەتی لاوانی دیموکراتی کوردستان . |
| ٤٨ | ١٨ی فیۆرییەی ١٩٥٣ | کۆچی دوایی زاناو مێژوو نووسی کورد رەشید باسمی. |
| ٤٩ | ١٨ی فیۆرییەی ١٩٥٥ | مۆرکردنی رێککەوتنامەی بەغدا لە نێوان (عێراق – تورکیە) بەمەبەستی سەرکوت کردنی هەر بزووتنەوەیەکی کورد کە لەناوچەکە روو بدا |
| ٥٠ | ١٨ی فیۆرییەی ٢٠٠١ | تیرۆر کردنی فەرەنسۆ هەریری ئەندامی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراو لە شاری هەولێر |
| ٥١ | ١٩ی فیۆرییەی ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی سەربەست عومەر مامۆستای بەشی شێوەکاریی پەیمانگای هونەرجوانەکانی هەولێر،و نەخشاندنی مۆنۆمێنتی شەهیدانی یەکی شوباتی لە پارکی شاری هەولێر. |
| ٥٢ | ١٩ی فیۆرییەی ٢٠١٠ | کۆچی دوایی عەزیز کیخوسرەوی نووسەر،وەرگێر و ئەندامی دامەزرێنەری گۆڤاری سروە لە شاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٥٣ | ١٩ی فیۆرییەی ١٩٩٨ | کۆچی دوایی مارف ئاغایی شاعیر، وەرگیر،چیرۆک نووس وهاوکاری گۆڤاری سروە لە هاتووچووی رێگادا لە مەهاباد. |
| ٥٤ | ٢٠ی فیۆرییەی ١٩٩٣ | کۆبوونەوەی سێ دەوڵەتی ئێران، تورکیە و سوریا دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان. |
| ٥٥ | ٢٠ی فیۆرییەی ١٩٩٧ | ساڵرۆژی دامەزرانی بزوتنەوەی جوتیارانی کوردستان. |
| ٥٦ | ٢١ی فیۆرییەی ١٩٩١ | کۆچی دوایی مامۆستا هەژار(عەبدولرحمان شەرەفکەندی) شاعیر، مێژوونووس و وەرگێری بە توانا لە شاری مەهاباد. |
| ٥٧ | ٢١ی فیۆریەی ١٩٥٤ | رۆژی نیونەتەوەیی زمانی زگماکی. |
| ٥٨ | ٢٢ی فیۆرییەی ١٩٩٩ | سەرکوتی خوێناویی خەڵکی شاری سنە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێران. |
| ٥٩ | ٢٢ی فیورییەی ١٩٧٤ | کۆچی دوایی شێخ لەتیف شێخ حامد نوسەری بواری ئەدبیاتی کوردی لە باشووری کوردستان. |
| ٦١ | ٢٣ی فیۆریەی ١٩٩٩ | دادگای تورکیە سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان عبدالله ئۆجەلانی بەخییانەتکار تاوانبار کرد. |
| ٦٢ | ٢٣ی فیۆریەی ١٩٥٥ | یەکگرتنی تورکیە و ئێران و عێراق بۆ  سەرکوتکردنی هەر چەشنە جولانەوەی کورد و چالاکی نیزامی. |
| ٦٣ | ٢٣ی فیۆرییەی ٢٠١٠ | کۆچی دوایی گولبەهار ژن هونەرمەندی کۆرانیبێژی لێهاتوو لە شاری بەغدا. |
| ٦٤ | ٢٤ی فیۆرییەی ٢٠١٠ | بەفەرمی ناسینی جێژنی نەورۆز وەک بۆنەیەکی جیهانی لە لایەن رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە نیویۆرک. |
| ٦٥ | ٢٤ی فیۆرییەی ١٩٢٥ | دەستگیر کردنی دوکتور فوئاد هاوکار و پشتیوان و رێبەری شۆرشی شێخ سەعیدی پیران. |
| ٦٦ | ٢٤ی فیۆرییەی ١٩٢٦ | دامەزراندنی کۆمەڵەی زانستی کوردان لەشاری سلێمانی،ئەم کۆمەڵەیە تا ساڵی (١٩٣٨) لە خزمەت کردن بەردەوام بوو. |
| ٦٧ | ٢٦ی فیۆرییەی ١٩٢٣ | خستە خوارەوەی بەیاننامەی ئینگلیزەکان بە فرۆکە بۆ ئەوەی شێخ مەحمود شاری سلێمانی چۆل کا. |
| ٦٨ | ٢٦ی فیۆرییەی ١٩٢٥ | رزگاری کردنی شاری خارپوت لەلایەن پێشمەرگەکانی شێخ سەعیدی پیران. |
| ٦٩ | ٢٦ی فیۆرییەی ١٩١٦ | پەیمانی سایکس پیکو دابەش کردنی کوردستان لە نێوان تورکیە،عێراق و سووریە. |
| ٧٠ | ٢٦ی فیۆرییەی ١٩٩٤ | کۆچی دوایی مەحەمەد عەلی مەدهۆش شاعیری هۆنراوەی خۆشەویستی و جوانی .لە شاری سلێمانی. |
| ٧١ | ٢٧ی فیۆرییەی ١٩٩٢ | دامەزراندنی کۆمەڵەی مندالٚ پارێزی کوردستان . |
| ٧٢ | ٢٧ی فیۆرییەی ١٩٩٥ | تەقینەوەی بە هێز لە شاری زاخۆ کە بوو بە هۆی شەهید بوونی نزیکەی (٧٥) کەس. |
| ٧٣ | ٢٨ی فیۆرییەی ١٩٢٣ | ئیسماعیل خانی سمکۆ کۆتایی بە دیدارەکەی لەشاری سلێمانی هێنا،و گەرایەوە رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ٧٤ | ٢٨ی فیۆرییەی ١٩٥٨ | چاپ بلاوکردنەوەی رۆژنامەی پێشکەوتن ،لەشاری بەغداد. |
